# الكورد بين مرحلتين من الرفض: اتفاقية الجزائر نموذجاً في ضوء فكر "الإنسان المتمرد" لألبير كامو

م.م.فەرهنگ نورى مەحمود
جامعة سوران - كلية الآداب - قسم التاريخ
farhang.mahmood@soran.edu.iq
م.فارس لطيف يحيي
جامعة سوران - كلية الآداب - قسم التاريخ
faris.yahya@soran,edu,iq
م.م.سامان عثمان عالي
جامعة سوران - كلية الآداب - قسم التاريخ
saman.alee@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** اتفاقية الجزائر، ألبير كامو، الإنسان المتمرد، الرفض، العبث، القضية الكوردية.

**كيفية اقتباس البحث**

مەحمود ، فەرهنگ نورى ، فارس لطيف يحيى, سامان عثمان عالي ، الكورد بين مرحلتين من الرفض: اتفاقية الجزائر نموذجاً في ضوء فكر "الإنسان المتمرد" لألبير كامو,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Kurds Between Two Stages of Rejection: The Algiers Agreement as a Case Study in Light of Camus's "The Rebel"

**Assistant Lecturer :- Farhang Noori Mahmood**
farhang.mahmood@soran.edu.iq
**Soran University - Faculty of Arts - Department of History**

**Lecturer: Fares Latif Yahya**
faris.yahya@soran,edu,iq
**Soran University - Faculty of Arts - Department of History**

**Saman Osman Ali -:Assistant Lecturer**
saman.alee@soran.edu.iq
**Soran University - Faculty of Arts - Department of History**

**Keywords** : Algiers Agreement, Albert Camus, The Rebel, Rejection, Absurdism, Kurdish Issue.

**How To Cite This Article**
Mahmoud , Farhang Nuri ,Fares Latif Yahya ,Saman Osman Ali ,The Kurds Between Two Stages of Rejection: The Algiers Agreement as a Case Study in Light of Camus's "The Rebel" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract :
This study explores the Kurdish political and existential struggle through the lens of Albert Camus's philosophy of "The Rebel," focusing on the Algiers Agreement (1975) as a pivotal historical moment. The research analyzes the Kurds within two stages of "rejection": the initial rejection of systematic oppression and the subsequent rejection of the political

"Absurd" imposed by the Algiers betrayal. According to Camus, the rebel says "no" to affirm a limit and a value; similarly, the Kurdish rebellion was an affirmation of existence against annihilation. The Algiers Agreement represents the pinnacle of the Absurd, where international interests sacrificed a nation's dignity. The study concludes that while the agreement was a strategic collapse, it transformed Kurdish resistance from a mere physical revolt into a "metaphysical rebellion." In this context, the act of refusing to accept defeat became the foundational pillar of Kurdish identity, proving that the rebel’s "no" is an eternal necessity for survival in a world of political absurdity. The study relies on descriptive analytical methods to analyze historical developments related to the Algiers Agreement and uses critical philosophical methods to adapt Albert Camus' concepts to the political and social reality of Kurdistan at that time to explain the relationship between failure and the birth of new consciousness. This paper consists of three main topics: Camus's philosophy of rebellion and historical dimensions. The first topic focuses on the first rejection, the September Revolution as a dignity movement. The third topic of the research is devoted to (Kurdish from Nsko to the second rejection). Finally, the researchers have reached several conclusions and the results are presented.

**الملخص**

تبحث هذه الدراسة في النضال السياسي والوجودي للكورد من منظور فلسفة "الإنسان المتمرد" لألبير كامو، متخذة من اتفاقية الجزائر (١٩٧٥) نقطة تحول تاريخية. يتناول البحث الكورد بين نوعين من "الرفض": الأول هو رفض الظلم والقمع المفروض الذي أدى إلى الثورة، والثاني هو رفض واقع "العبث" والانكسار السياسي الذي فرضته اتفاقية الجزائر على إرادة شعب بأكمله. يرى كامو أن المتمرد بقوله "لا" فإنه يؤكد في الوقت ذاته على "قيمة" جوهرية؛ وهنا كان التمرد الكوردي تأكيداً على الوجود في مواجهة المحو. تمثل اتفاقية الجزائر ذروة التعامل العبثي مع مصير الشعوب، حيث ضحت المصالح الدولية بحقوق أمة. تخلص الدراسة إلى أن اتفاقية الجزائر، رغم كونها نكسة عسكرية، إلا أنها نقلت التمرد الكوردي من مرحلته المادية إلى مرحلة "تمرد ميتافيزيقي"، حيث أصبح فعل الرفض هو الركيزة الأساسية للهوية الكوردية، مبرهنة على أن قول "لا" يظل هو السبيل الوحيد للبقاء في مواجهة العدمية السياسية. تعتمد الدراسة على الأساليب التحليلية الوصفية لتحليل التطورات التاريخية المتعلقة باتفاقية الجزائر، وتستخدم الأساليب الفلسفية النقدية لتكييف مفاهيم ألبير كامو مع الواقع السياسي والاجتماعي لكردستان في ذلك الوقت لشرح العلاقة بين الفشل وولادة وعي جديد. تتألف هذه الورقة البحثية من ثلاثة محاور رئيسية: فلسفة كامو للتمرد والأبعاد التاريخية. يركز المحور الأول على الرفض الأول، ثورة سبتمبر كحركة من أجل الكرامة. أما المحور الثالث فيتناول اللغة الكردية (من نسكو إلى الرفض الثاني). وفي الختام، توصل الباحثون إلى عدة استنتاجات، وعرضوا النتائج.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

# الكورد بين مرحلتين من الرفض: اتفاقية الجزائر نموذجاً في ضوء فكر "الإنسان المتمرد" لألبير كامو

# کورد لە نێوان دوو قۆناغی ڕەتکردنەوەدا ڕێکەوتنامەی جەزائیر وەک نموونە لە ژێر ڕۆشنایی هزری مرۆڤی یاخی کامۆدا


**فەرهنگ نوری مەحمود**
زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
farhang.mahmood@soran.edu.iq
**فارس لطيف يحي**
زانکۆی سۆران- کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
نازناوی زانستی: مامۆستا
faris.yahya@soran,edu,iq
**سامان عثمان عالي**
زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
saman.alee@soran.edu.iq



**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی خەباتی سیاسی و ناسنامەیی کورد لە ڕوانگەی فەلسەفەی مرۆڤی یاخیی ئەلبێرت کامۆوە، بە وەرگرتنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر (١٩٧٥) وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی. توێژینەوەکە باس لە کورد دەکات لە نێوان دوو جۆر لە ڕەتکردنەوەدا، یەکەمیان ڕەتکردنەوەی ستەمی ناوخۆیی و دەسەڵاتی سەرکوتکەر کە بەرەو شۆڕشی برد، دووەمیان ڕەتکردنەوەی ئەو پووچی و شکستە سیاسییەی کە ڕێکەوتنامەی جەزائیر بەسەر ئیرادەی نەتەوەیەکدا سەپاندی. بەپێی کامۆ، یاخیبوو کاتێک دەڵێت نا، لە هەمان کاتدا بەهایەک دووپات دەکاتەوە؛ لێرەدا یاخیبوونی کورد تەنها جەنگ نەبوو، بەڵکو دووپاتکردنەوەی بوون بوو لە بەرانبەر سڕینەوەدا. ڕێکەوتنامەی جەزائیر لوتکەی مامەڵەپێکردنی بێمانایانە بوو لەگەڵ چارەنووسی گەلێک، بەڵام توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هەرەسە نەبووە کۆتایی، بەڵکو یاخیبوونی کوردی لە قۆناغێکی فیزیکییەوە بۆ قۆناغێکی میتافیزیکی گواستەوە، کە تێیدا ڕەتکردنەوەی واقیع دەبێتە تاکە ڕێگە بۆ مانەوە.



**کلیلە وشە :**ڕێکەوتننامەی جەزائیر، ئەلبێرت کامۆ، مرۆڤی یاخی، ڕەتکردنەوە، پووچی، پرسی کورد.


## پێشەکی

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی فەلسەفی و مێژوویی بۆ قۆناغی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی گەلی کورد بە تایبەتی لە ڕێگەی شیکردنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی تراژیدی سەبارەت بە گەلی کورد کە تێیدا سیستەمی جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتی و هێزە هەرێمیەکان دەیانویست ئیرادەی نەتەوەیی کورد بەیەکجاری بسڕنەوە و بێدەنگییەکی هەمیشەیی بەسەر چارەنووسیدا بسەپێنن لێرەوە توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر چەمکی مرۆڤی یاخی لە ڕوانگەی فەیلەسوفی ناودار ئالبێر کامۆ بۆ شیکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە دەروونی و هزرییەی کە لە ناو ناخی تاکی کوردا ڕوویدا کاتێک لە دۆخی پەراوێز و بێدەنگیەوە لە بەرامبەر

ستەمدا گۆڕا بۆ بکەرێکی کارا کە لەرێگەی گوتنی وشەی نا بەرەو ڕەتکردنەوەی دووەم هەنگاوی نا، ئەم گۆڕانکارییە فەلسەفییە دەری دەخات کە چۆن نسکۆ نەک هەر نەبووە هۆی کۆتایی دۆزی کورد بەڵکو بوو بە سەرەتای هۆشیارییەکی نوێ کە تێیدا کورد کەرامەتی نەتەوەیی خۆی لە ناو تاریکی شکستدا دۆزییەوە و لە ڕێگەی یاخیبوونێکی ڕێکخراوەوە دژ بە حەتمییەتی جوگرافی و سیاسی ڕاپەڕی تا بسەلمێنێت کە ئیرادەی مرۆڤ دەتوانێت یاساکانی واقیعی سارد بگۆڕێت.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیەوێت لە چوارچێوەی خوێندنەوە کلاسیکییە سەربازی و سیاسییەکان بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٥ دەرچێت و ڕەهەندێکی قووڵی فەلسەفی ببەخشێتە مێژووی هاوچەرخی کوردستان بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە جوڵەی بەردەوامی کێشەی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی هزری کامۆوە ئەم بابەتە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەران تا بزانن چۆن تاکی کورد توانیویەتی لە ناو لوتکەی بێهیواییدا ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی نوێ بەرهەم بهێنێتەوە و گوتنی وشەی نا بکاتە کەرەستەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکان کە دەیانویست بیسڕنەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی پەرەسەندنە مێژووییەکانی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر و هاوکات میتۆدی فەلسەفی ڕەخنەیی بەکاردێنێت بۆ گونجاندنی چەمکەکانی ئالبێر کامۆ لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لەو قۆناغەدا تا بتوانێت پەیوەندی نێوان شکست و لەدایکبوونی هۆشیاری نوێ ڕوون بکاتەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئەو میکانیزمە هزری و فەلسەفیانەیە کە وایان لە گەلی کورد کرد لە دوای کارەساتی جەزائیر تەسلیمی جەبری مێژوویی نەبێت و بتوانێت لە ڕێگەی هەستانەوەیەکی نوێوە بوونی نەتەوەیی خۆی لە سەرانسەری کوردستاندا بسەلمێنێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ڕێککەوتننامەی جەزائیر چۆن وەک ئامرازێکی میکانیکی بۆ سەپاندنی حەتمییەتی شکست بەسەر کوردا بەکارهات؟ چەمکی مرۆڤی یاخی لای ئالبێر کامۆ چۆن دەتوانێت گۆڕانی تاکی کورد لە دۆخی تەسلیمبوونەوە بۆ قۆناغی ڕەتکردنەوەی دووەم ڕوون بکاتەوە؟وشەی نا کە لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ گوترا چۆن بوو بە بنەمایەک بۆ دارشتنەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵی گەلی کورد؟ ململانێ و دیالێکتیکی نێوان یاسای هێزە نێودەوڵەتییەکان و ئیرادەی یاخیبوونی کوردی چۆن ئاراستەی مێژووی نوێی کوردستانی گۆڕی؟

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە دەروازە و سێ باسی سەرەکی، دەروازە لە ژێرناونیشانی(**فەلسەفەی یاخیبوون (ڕەتکردنەوە) لای کامۆ و ڕەهەندە مێژووییەکان**) هەرچی تەوەری یەکەمی توێژینەوەکەیە تیشک خراوەتە

سەر(**ڕەتکردنەوەی یەکەم، شۆڕشی ئەیلوول وەک بزووتنەوەیەکی کەرامەتپارێز**) ئەوەی تایبەتیشە بە تەوەری دووەم(**ڕێکەوتنامەی جەزائیر چرکەساتی بێمانایی**) شەن و کەوکراوە، تەوەری سێیەمی توێژینەوەکەش تایبەتکراوە بە(**کورد لە نسکۆوە بەرەو ڕەتکردنەوەی دووەم**) لە کۆتاییشدا توێژەران بەچەند ئەنجامێک گەیشتوون و ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

**دەروازە: فەلسەفەی یاخیبوون (ڕەتکردنەوە) لای کامۆ و ڕەهەندە مێژووییەکان**

فەلسەفەی یاخیبوون یاخود گوتنی نەخێر لە مێژوودا ئاماژەیە بۆ بوونی سنوورێک لەلایەک و بوونی دونیایەک لە جیاوازی لەلایەکی ترەوە، بەو مانایەی کە چیتر ڕێگە بە بەزاندنی نادرێت لە مێژوودا، ئەم گۆڕانکارییە نیشانی دەدات کە لەناو مرۆڤی یاخیدا هۆشیارییەک دروست بووە کە پێی وایە مافێکی هەیە و دەبێت بەرگری لێ بکات یاخیبوون لەم خاڵەوە دەست پێدەکات کاتێک مرۆڤ هەست دەکات پێشێلکارییەک بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی کراوە، ئەم سەرەتایە بنچینەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ستەمکارییەک لە مێژوودا ئەم هۆشیارییە سەرەتای ڕزگاربوونە لە ژێر دەسەڵاتی مێژوویەکی سەپێندراو و هەنگاوێکە بەرەو سەلماندنی کەرامەت و یاخیبوون لێرەدا دەبێتە پردێک لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی مافەکان (کامۆ، ٢٠١٦، ١٧-٢٣) یاخیبوون تەنها کردەوەیەکی نەرێنی نییە، بەڵکو دەرخەری بەهایەکە کە مرۆڤ ئامادەیە لە پێناویدا بمرێت کاتێک کۆیلەکە ڕووبەڕووی خاوەنەکەی دەبێتەوە ئەو تەنها ستەمی ئاغاکە ڕەت ناکاتەوە بەڵکو دان بە بەهایەکی هاوبەشدا دەنێت کە لە سەرووی خۆی و ئاغاکەشیەوەیە، مێژووی مرۆڤایەتی لەم چرکەساتەوە دەست پێدەکات کاتێک تاک هۆشیار دەبێتەوە لەوەی کە ستەمکاری چیتر قبوڵکراو نییە لە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا یاخیبوون لە ڕووی لۆجیکییەوە هاوشێوەی تاقیکردنەوەی گومانە لای دێکارت، بەڵام لە بواری کرداریدا کاتێک مرۆڤ تووشی نامۆیی و پووچی دەبێت یاخیبوون دەبێتە یەکەم ڕاستی کە لەم دۆخە ڕزگاری بکات و مێژوویەکی نوێ بنووسێتەوە ئەم کردەوەیە مرۆڤ لە گۆشەگیرییەکەی دەردەکێشێت و دەیخاتە ناو کایەیەکی گشتییەوە کە تێیدا هەمووان بەشدارن ئەمە بنەمایەکی گرنگی فەلسەفەی مێژووە چونکە پێمان دەڵێت مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤ ناتوانێت لەسەر گۆشەگیری و دابڕان بنیاد بنرێت هاوسۆزی و ئازاری هاوبەش کە لە یاخیبوونەوە سەرچاوە دەگرن دەبنە هێزی بزوێنەری مرۆڤایەتی بۆ گۆڕینی واقیع. مێژوو بەم جۆرە لە دۆخی پووچییەوە دەگۆڕێت بۆ دۆخی ماناداری (کامۆ، ٢٠١٦: ١٩-٢٧)یاخیبوونی مێتافیزیکی ئەو بزووتنەوەیەیە کە تێیدا مرۆڤ لە دژی دۆخی خۆی و تەواوی بوون ڕادەپەڕێت ئەم شێوازە تەنها دژایەتی کردنی ستەمکارێکی زەمینی نییە، بنەماکانی دروستکردنی مرۆڤی یاخی لە ڕووی مێتافیزیکییەوە داوای ڕوونکردنەوە و دادپەروەری دەکات لە جیهانێکدا کە پڕە لە ئازار و بێدەنگی ئەو دەیەوێت مێژوو لە ژێر چاودێری هێزە غەیبییەکان دەربهێنێت و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی عەقڵی مرۆییەوە ئەم یاخیبوونە سەرەتای فەلسەفەی مێژووە، کە تێیدا مرۆڤ خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، لێرەوە مێژوو دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئیرادەی مرۆڤ و دۆخی داسەپاو، لەم ڕوانگەیەوە مێژووی ڕووناکبیریی ڕۆژاوا لە سەردەمی سێدارەدانی پاشاکانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات چونکە مرۆڤ ویستی خوداوەندی ڕەتکردەوە و جێگەی پادشایەتیی ئاسمانی بە پادشایەتیی مرۆیی لەسەر زەوی پڕکردەوە ئەم گۆڕانکارییە مێژووییە جیهانی لە دەستی پیرۆزییەکان دەرهێنا و خستیە ناو ململانێی فیکرییەوە(نیرگەسەجاری و جاف، ٢٠٠٢: ٤٤؛ کامۆ، ٢٠١٦، ٣١-٣٩) لێرەوە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان یاخیبوون و شۆڕش لە

مێژوودا، چونکە ئەم دووانە هاوشێوە نین؛ یاخیبوون لە بنەڕەتدا کورتخایەن و تاکی یان لۆکاڵییە، بەڵام شۆڕش هەوڵێکە بۆ گونجاندنی کردەوە لەگەڵ بیرۆکەیەکدا. شۆڕش دەنوێت جیهان لە چوارچێوەی تیۆرییەکی سۆسیۆلۆژی یان سیاسییەوە سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە؛ کاتێک یاخیبوون دەبێتە شۆڕش، دەیەوێت کاریگەری بەسەر ڕەوتی مێژووەوە هەبێت، لە کاتێکدا یاخیبوون تەنها نارەزایەتییەکی دەستبەجێیە. نیشانی دەدات کە شۆڕشە مێژووییەکان زۆرجار بە ناوی ئازادییەوە دەستپێدەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی شۆڕش لە کۆتاییدا ئامانجی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایە، پرۆسەی دامەزراوەیی بوونی دەسەڵات دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی نوێ لە بەڕێوەبردن، ئەم گۆڕانکارییە گەورە و گشتییەی مێژووییە کە شۆڕش پێناسە دەکات، لەکاتێکدا شۆڕش دەبێتە ڕەها بەها مرۆییەکان لەناو دەبات، یاخیبوون تەنها گۆڕینی بارودۆخە بەڵام شۆڕش گۆڕینی تەواوی مێژووە بە پێی تیۆرییەکی پێشوەختە (کامۆ، ٢٠١٦، ١٣١-١٣٥).

لێکۆڵینەوە لە مێژووی نوێ نیشانی دەدات کە چۆن یاخیبوون لە ڕێڕەوی خۆی لایداوە و گۆڕاوە بۆ تیرۆری دەوڵەتی، کامۆ باس لەوە دەکات کە سەدەی بیستەم بووەتە سەردەمی تیرۆری ڕەوا کە تێیدا تاوانەکان بە ناوی ئایدۆلۆژیا و مێژووەوە دەکرێن، کاتێک یاخیبوون بەها مرۆییە سەرەتاییەکانی خۆی لەدەست دەدات ڕێگە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ و ڕژێمە تۆتالیتارەکان خۆش دەکات ئەم جۆرە شۆڕشانە مێژوو دەکەنە خوداوەندێکی نوێ و مرۆڤەکان لە پێناویدا دەکەنە قوربانی، لێرەدا فەلسەفەی مێژوو هۆشداریمان پێدەدات کە ئەگەر ئامرازەکان پاک نەبن ئامانجە مێژووییەکان هەرگیز ناتوانن مرۆڤ ئازاد بکەن، بەڵکو دەبنە هۆی کۆیلایەتییەکی نوێ و مۆدێرن کاتێک دەوڵەت دەبێتە نوێنەری تاقانەی مێژوو تاوان ڕەوایەتی وەردەگرێت و مرۆڤ دەبێتە ئامرازێکی بێبایەخ لە ناو ئامێری گەورەی دەسەڵاتدا(کامۆ، ٢٠١٦، ١٧-١٨) کامۆ ڕەخنەیەکی توند لە مارکسیزم دەگرێت بەهۆی ئەوەی مێژووی کردووەتە ڕەهاییەک و قوربانی بە مرۆڤی کاتی داوە لەم دیدگایەدا، مارکسیزم بەڵێنی داهاتوویەکی بێچەوسانەوە دەدات، بەڵام لە پێناو گەیشتن بەو داهاتووە، ڕەوایەتی بە ستەمکاری ئێستا دەدات. ئەم گۆڕانکارییە فیکرییە وای کردووە کە یاخیبوونی کرێکاران بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی بیرۆکراتی تۆقێنەر لە مێژوودا. فەلسەفەی مێژوو لێرەدا دەبێتە تەڵەیەک چونکە کاتێک وا بڕوا دەکرێت کە مێژوو خاوەنی یاسایەکی حەتمییە، ئازادی تاکەکەسی نامێنێت. کامۆ پێداگری دەکات کە ناتوانرێت دادپەروەری لەسەر حیسابی ئازادیی مرۆڤەکان لە ئێستادا بنیاد بنرێت. مێژووپەرستی دواجار دەبێتە هۆی کوشتنی خودی ڕۆحی یاخیبوون کاتێک فەلسەفەی مێژوو بانگەشەی زانینی کۆتایی مێژوو دەکات، ئەوا لە ڕاستیدا دەرگای پەرستنی دەسەڵات دەکاتەوە و مرۆڤ دەکاتە دیلی پێشبینییەکان(کامۆ، ٢٠١٦، ل٢٥٥-٢٦٢)

لە مێژووی مۆدێرندا، شۆڕشەکان هەوڵیان دا خودا لە ناو جیهاندا بکوژن، بەڵام لە جێگەی ئەوە مێژوویان کردە خودا کامۆ لە شیکردنەوە مێژووییەکانیدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن سۆسیالیزمی زانستی و فاشیزم هەردووکیان دەرئەنجامی ئەم گۆڕانە مێژووییەن کاتێک پیرۆزی ئاسمانی نامێنێت دەوڵەت یان ڕەگەز یان چین دەبنە سەرچاوەی نوێی پیرۆزی و داوای قوربانیکردنی زیاتر دەکەن ئەمە گەورەترین کارەساتی فەلسەفەی مێژووی هاوچەرخە کە تێیدا مرۆڤایەتی لە ژێر ناوی پێشکەوتندا دەکوژرێت یاخیبوون کە لە سەرەتادا بۆ ڕەتکردنەوەی مردن و زوڵم بوو، لەم قۆناغە

مێژووییەدا دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی مردنی بەکۆمەڵ کامۆ پێمان دەڵێت کە ڕزگاربوونی مێژوویی بەدی نایەت ئەگەر مرۆڤ نەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی یاخیبوون ئەم گۆڕانە نەرێنییە نیشانی دەدات کە چۆن بیرۆکە فەلسەفییەکان دەبنە هێزی وێرانکەر لە واقیعدا(لوبيسك، مورفان ، ١٩٨٥ ، ٤٨، ٥٢؛ کامۆ، ٢٠١٦، ٢٠٠-٢٠٨)پێشنیار دەکات وەک چارەسەرێک بۆ لادانە مێژووییەکان، کە بنەمایەکەیە لەسەر هاوسەنگی و دانانی بە سنوورەکان یاخیبوونی ڕاستەقینە دەبێت هەمیشە سنووری خۆی بزانێت و نەبێتە هۆی لەناوبردنی کەرامەتی ئەوانی تر. مێژوو نابێت بکرێتە موتڵەق مرۆڤ ناتوانێت بە ناوی داهاتوویەکی نادیارەوە مرۆڤەکانی ئێستا بکوژێت، ئەم فەلسەفەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژیان و ئازادیی ئێستا بەهادارترین شتن کە پێویستە بپارێزرێن، یاخیبوون ئەگەر بیەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێت لە خزمەت مرۆڤدا بێت نەک مرۆڤ لە خزمەت ئایدۆلۆژیادا بێت ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ ڕێگریکردن لە کارەساتە مێژووییەکان دواجار، فەلسەفەی یاخیبوون لە ڕەهەندی مێژوویی‌دا پێمان دەڵێت کە ڕوونـاکی و عەقڵانییەت تەنها لە ڕێگەی پاراستنی سنوورەکان و ڕەتکردنەوەی توندڕەوی مێژووییەوە بەدی دێن(حسونة الصباحي، ٢٠٠٤، ١٦-١٨؛کامۆ، ٢٠١٦، ٣٥٧-٣٦٥)

مێژوونووسیی کلاسیکی هەمیشە هەوڵ دەدات بزووتنەوەی گەلانی بێدەوڵەت بخاتە چوارچێوەی جەبری مێژوویی بەو مانایەی کە مێژوو وەک هێزێکی دەرەکی و میکانیکی وێنا دەکات کە تێیدا چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان لە پشت پەردەی بەرژەوەندیی هێزە ئیمپریالیستەکان و پێکهاتە ئابووری کۆمەڵایەتییە پێشوەختەکاندا دیاری کراوە لە بەرامبەر ئەم تێزەدا، فەلسەفەی یاخیبوونی ئالبێر کامۆ وەک بانگەوازێکی بێسەڵەمینەوەی شۆڕشگێڕانە دژی ئەم جەبرە سەرهەڵدەدات. لای کامۆ، مێژووی ڕاستەقینە لەو چرکەساتەدا دەست پێناکات کە سیستەمەکان هاوسەنگ دەبنەوە، بەڵکو لەو خاڵەدا لەدایک دەبێت کە مرۆڤ یان کۆمەڵگە سنوورێک بۆ ستەم دادەنێت و دەڵێت نا، لێرە بەدواوە تێپەڕبوون قبوڵکراو نییە، ئەم ڕەتکردنەوەیە دەرچوونە لەو بێمانایەیە کە جەبری مێژوویی دەیەوێت بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێت وەک کامۆ ئامـاژەی پێدەدات، یاخیبوو هەڵدەبڕێ تەنانەت ئەگەر هیچیش نەڵێ جگە لە نەخێر مانای وایە بایەخ بە هەندێ شت دەدات یاخی بە مانا ڕیشەییەکەی وشەکە واتە هەڵگەڕاوە پێشتر لەژێر زەبری قامچی گەورەکەیدا دەجووڵایەوە لەپڕێکدا ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە. ئەوەی بە پەسەندی بزانێ هەڵیدەبژێرێ و ئەوەی بە پەسەندی نەزانێ، دەستبەرداری دەبێت(کروکشانك جون، ١٩٨٦، ٢٩؛ لوبيسك، مورفان ، ١٩٨٥ ، ٣٤، ٤١؛کامۆ، ٢٠١٦: ٤٦-٥٤)

ئەم ڕووبەڕووبوونەوە لەپڕە، گۆڕینی هاوسەنگیی هێزە لە ئاستی دەروونییەوە بۆ ئاستی مێژوویی. لێرەوە هۆشیاریی چەوساوەکان لە دۆخی قبوڵکردنی میکانیکییەوە دەپەڕێتەوە بۆ دۆخی سەلماندنی بوون چونکە هۆشیاری لەگەڵ بزووتنەوەی یاخیبووندا سەر هەڵدەدات ئەم هۆشیارییە ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ گومان لەوە دەکات کە هەموو شتێک لە خۆیدا باش بێت کۆیلە بەر لە یاخیبوون، هەموو جۆرە بێدادییەکی قبووڵ دەکرد زۆرجار بڕیارەکانی گەورەکەی بە ڕەوا دەزانی بەڵام کاتێک تێدەگات کە سنوورێک بەزێندراوە ئیدی پێگەی خۆی دەگۆڕێت(کامۆ، ٢٠١٦: ٢٠-٣٢).

لەم چوارچێـــوەیەدا، مێژوونـــووسی ڕادیکـــاڵ ناتوانێـــت تەنیـــا پشـــت بە فـــاکتە ڕووتە دەرەکییەکـان ببەسـتێت کاتێـک دیڤیـد مەکـداول بە دیـدێکی جەبرگەرایـانە لە یـاخیبوونی کـورد دەڕوانێـت، دەنووسـێت یـاخی بـوونی کوردەکـان لە دژی قاسـم، یـاخی بـوونێکی بنیـاتراو لەسـەر تـێز و بەرنـامە نەبـوو ئەم یـاخی بـوونە سێ گـروپ بەرپایـان کـرد و هەرسـێکیان گومـان لێکـراو بـوون یەکەمیـان لە واقیـع دا کەسانێ کە بەشـداری شـەڕیان کـرد، بـریتی بـوون لە ئاغاکـان و هۆزەکانیـان کە هەوڵیـان دەدا ڕێگـا لە جێـبەجێ کـردنی یاسـای چاکسازی زەوی و زار بگـرن جێـبەجێ کـردنی یاسـای چاکسـازی زەوی لەسـاڵی ١٩٥٩ دەسـتی پێکردبوو(مەکـداول، ٢٠٠٥: ٥٠٧-٥٠٨)ئەم خوێنـدنەوە مێژوویـیە سـادەیە، تەڵەی جەبـری مێژوویـیە کە دەیەوێـت ڕۆحی یـاخیبوون کـورت بکـاتەوە بـۆ بەرژەوەنـدیی چینـایەتی کـاتیی چەنـد دەرەبەگێـک. بەڵام لە دیـدگای فەلسـەفەی مـێژوودا، مـێژووی بـوونی گەلێـک لە هۆکـارە سـەرەتاییەکانی جیـابوونەوەی دەرەبەگ و دەسـەڵاتی ناوەنـدی پەت دەبێـت کاتێـک تـێکەڵ بە ئـیرادەی کەرامەتخـوازی دەبێـت یـاخیبوونی کـورد، کاتێـک دەگۆڕێـت بـۆ فـۆرمێکی مـێژوویی گشـتی، تـێزی مەکـداول بەتـاڵ دەکاتەوە چـونکە لـۆژیکی یـاخیبوونی کـامۆیی لـێرەدا لە ئاسـتی داواکـارییەکی مـاددیی تەسـکەوە دەپەڕێـتەوە بـۆ ئاسـتی ڕەتکـردنەوەی جەوهەریی ژێردەسـتەیی، بەمەش کـورد جەبـری پێکهـاتەی هـۆزایەتی دەگۆڕێـت بـۆ وزەیەکی شۆڕشـگێڕیی نەتەوەیی. لەم چرکەسـاتەدا، کاتێـک کـۆمەڵگەیەک یـان تاکێـک بڕیـاری بەرپەرچـدانەوە دەدات، بەهـایەک دەخولقێنێـت کە بەسـەر حیسـاباتی ئابووریـدا زاڵ دەبێـت کاتێـک ژێردەسـتە ئامـادەیە لە پێنـاو پاراسـتنی سـنوورەکانیدا بمرێـت، نیشـانەی ئەوەیە کە بەهـایەک لە نـاخی خۆیـدا دەبینێـت کە لە ژیـانی خـۆی گەورەتـرە. ئەو لەم چرکەسـاتەدا بەرژەوەنـدیی کـاتیی خـۆی پشـتگوێ دەخـات و دەیەوێـت شـتێک بپارێزێـت کە پـێی وایە بـۆ مـۆراڵی مـرۆیی پێویسـتە. ئەم ئامـادەییە بـۆ قوربانیـدان، جەوهەری ڕاسـتەقینەی فەلسـەفەی یـاخیبوون پێکـدەهێنێت (کاکەمەنـد، ٢٠١٨، ١، ١٨٢؛ جـاک کانفیلـد، ٢٠١٢، ١٣٢، ١٣٥، ١٤٠ ؛شـەریعەتی، ٢٠١٤، ٦٤، ٦٧، ٧٣؛ مەریـوان وریـا قـانع، ٢٠١٦، ٥٨، ٦٣ ؛ کامۆ،٢٠١٦: ١٨-٢١).

**تەوەری یەکەم: ڕەتکـردنەوەی یەکەم، شـۆڕشی ئەیلـوول وەک بـزووتنەوەیەکی کەرامەتپارێز**

قۆنـاغی یەکەمی ڕەتکـردنەوەی کـورد، لە گـۆڕینی شـێوازی کـارکردنی سیاسـییەوە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕەهـا لە دەسـتپێکی شـۆڕشی ئەیلوولـدا چـڕ دەبێـتەوە. لای کـامۆ، یـاخیبوون پێویسـتی بە تێپەڕانـدنی فـۆرمە پاسـیڤەکان هەیە بـۆ سـەلماندنی بـوون. وەک شـێرزاد زەکەریـا تۆمـاری دەکـات لەڕاسـتیدا لەسـەرەتای ١٩٦١، ئەگەری بەریەککەوتـن لەگەڵ ڕژێـمی عەبـدولکەریم قاسـم بـوو بە واقیعـێکی سـەپێنراو بەسـەر کـورد، بـۆیە بەمەبەسـتی ناچـارکردنی قاسـم لە دەسـتبەرداربوون لە سیاسـەتەکانی، پـارتی پەنـای بـردە بەر گـۆڕینی شـێوازەکانی کـارکردنی، ئەوە بـوو لە ئەیلـولی ١٩٦١ مـانگرتنێکی سـیاسی لە سەرتاسـەری کوردسـتان ڕێکخـرا بەهـۆیەوە هەمـوو جموجـۆڵ و کارێـک لە نـاوچەکە وەسـتێنران، ئەم مـانگرتنە یەکەمـین ڕەتکـردنەوەی کـامۆیی بـوو کە عەبـدولکەریم قاسـم لە جەبـری دەسـەڵاتی ناوەنـدییەوە وەڵامی دایەوە، بەڵام بـایەخێکی ئەوتـۆی بەم بـانگەوازە نەدا کە لە پێنـاوی جێـبەجێ کـردنی داواکارییەکـانی کـورد ئاراسـتەی کرابـوون،

بەڵکو مکورتر بوو لەسەر کۆتایهێنان بە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کورد لە بری هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکار و گازاندەکانی، لە ٩ی ئەیلوول بڕیاری دا لە ڕێگەی تۆپ و فرۆکەوە بۆردومانی ناوچەکانی کورد بکرێ (زەکەریا، ٢٠٢١: ٢٥) لێرەدا، بێمانایی توندوتیژیی دەوڵەت، کورد ڕووبەڕووی بژاردەیەک لەسەر بنەمای بوون دەکاتەوە یان قبوڵکردنی سڕینەوە و نەمان یان یاخیبوونێکی گشتگیر ئەم گشتگیرییە لە پێناو کەرامەتێکی گشتیدایە کە پێویستە مێژوو دانی پێدا بنێت بزووتنەوەی یاخیبوون لە هەمان کاتدا هاوشانە لەگەڵ ناسینی قووڵی مافەکان یاخود دروستتر بڵێین، ئەو هەستەی کە مرۆڤی یاخی هەیەتی سەبارەت بەوەی کە مافی هەیە لەسەر شتێک، لێرەوە هۆشیارییەکە دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە بەرپەرچدانەوەی سووکایەتی کە نەک تەنیا بۆ تاک خۆی بەڵکو بۆ ناسینەوەی کەرامەتێکە کە پێویستە لە مێژوودا ڕێز لێگیراو بێت. عیسمەت شەریف وانلی بە دیدێکی زانستی ئەم گۆڕانکارییە فەلسەفییە لە فۆرمی شۆڕشدا دەستنیشان دەکات و ئاماژەی بەوەکردووە کە هەموو بزووتنەوە چەکدارییەکان شۆڕش نین شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک ڕوودەدات کە گەلێکی چەوساوە یان وابەستە و ژێردەستە، لە ڕێگەی ڕاپەڕینی دیاریکراو یان جۆرەکانی تری توندوتیژی، یان تەنانەت چالاکی سیاسی بەردەوام لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ، فیدرالی یان خۆبەڕێوەبەر خەبات بکات بزوتنەوەکە لانی کەم لەلایەنی سیاسییەوە، دەبێت هەموو خاکی نەتەوەیی وڵات بگرێتەوە و پشتیوانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەدەست بهێنێت((کامۆ، ٢٠١٦: ٢٢-٢٨؛ وانلی، ٢٠٢٥: ١٧٩؛ Yildiz, 2007, p. 7)

کاتێک یاخیبوون ئەم پێناسە کامۆییە دەپۆشێت چیتر ڕووداوێکی لۆکاڵی نییە چونکە تاکەکان لە فۆرمێکی هاوسۆزیی بەکۆمەڵدا یەکتری دەدۆزنەوە مرۆڤ کاتێک یاخی دەبێت، جۆرێک لە هاوسۆزیی بەکۆمەڵ لەگەڵ کەسانی تردا دەدۆزێتەوە کە دووچاری هەمان ستەم بوونەتەوە یاخیبوون چیتر تەنها کێشەیەکی دەروونیی تایبەت نییە، بەڵکو دەبێتە هێزێکی کۆکەرەوە کە ناسنامەی مرۆیی دەپارێزێت ئەو لە پێناو کەرامەتێکدا خەبات دەکات کە پێی وایە دەبێت بۆ هەموو تاکێک گەرەنتی بێت وەک وانلی ئاماژەی پێدەدات ئەم دۆخە شۆڕشگێڕییە بەرزترین ئاستی خۆی لە یەکگرتنی جەماوەریدا دەبینێتەوە، شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک دەگاتە بەرزترین و توندترین شێوەی خۆی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتی سیاسی تێدەپەڕێت پاشان دەگۆڕێت بۆ ڕاپەڕینێکی گشتگیر کە تێیدا ئامرازی سەرەکی سوپایەکی جەماوەری و ڕێکخراو و ڕێکوپێک دەبێت هەموو ئەو تایبەتمەندیانە لە شۆڕشی کوردستانی عێراق ئامادەن(ئەنقووسی، ٢٠٢٤، ٢٠١-٢١١؛ وانلی، ٢٠٢٥: ١٧٩-١٨٠؛ کامۆ، ٢٠١٦: ٢٣-٢٥، ١٨٢-١٨٥) ئەم سوپا جەماوەرییە، کە لەسەر بنەمای یاخیبوونی کەرامەتپارێز دامەزرا مێژووی سەپێنراوی عێراقی پاشەکشە پێکرد. کاتێک لۆژیکی هێز تووشی شکست دەبێت، متمانە بە خود وەک بەهایەکی یاخیبوون لەدایکدەبێت، وەک شێخ سدیق ئاکرەیی ئاماژەی بۆ دەکات هەواڵەکانی تایبەت بە سەرکەوتنە سەربازییەکانی شۆڕشی کورد لە ناوچەی کوردستانی عێراق بڵاو بووەوە و گروتینی میللیش بۆ شۆڕشی کورد زیادی کرد لە گەڵیدا متمانەی گەلی کوردیش بە خۆی زیاتر

بوو، ئیدی ئەوە بۆ رۆڵەکانی گەلی عێراق ڕوون بووەوە، کە سوپای عێراق ناتوانێت شۆڕشی کورد سەرکوت بکات(ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ١٠٤).

ئەم وزە هەبوونە نوێیە، جۆرێک لە فرەڕەهەندی و پانی سەردەمی کوردینیە لە ناخی یاخیبوونەکەدا بەرهەمدێنێت کە تێیدا هەموو جیاوازیە زاراوەیی و کولتوورییەکان دەتوێنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جەبری فەنابوون. ئەم یەکگرتووییە، بەرهەمی دابڕان نییە لە ژیانی ڕاستەقینە بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ بنەما جەوهەرییەکان کاتێک مرۆڤەکان بەیەکەوە هاوەدەنگ دەبن لەسەر چەمکی (نەخێر) ئیدی جۆرێک لە یەکسانی و کەرامەتی هاوبەش لە نێوانیاندا چەکەرە دەکات ئەم کۆدەنگییە دەبێتە هێزی بزوێنەری شۆڕشە مێژوویەکان(کامۆ، ٢٠١٦: ٢٤-٣٨) ڕەحمانی لەم بارەیەوە دەنووسێت مەلا مستەفا بووکە مامۆستا هەژار و (ئەحمەد توفیق)ی کوردی ڕۆژهەڵات، (کامەران بەدرخان)ی کوردی باکور، (عیسمەت شریف وانلی)ی کوردی ڕۆژئاوا هێنایە ناو شۆڕش، شۆڕشی ئەیلوول بووکە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی یەکخست ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول نەبایا زۆر زەحمەت بووکورد توانیبا لە قۆناخەکانی پاشتردا خەباتی کردبا (ڕەحمانی، ٢٠٢٤: ٣٠-٣١).

بۆ ڕێکخستنی ئەم ئیرادە یاخیبووە دژە جەبرە، شۆڕش پێویستی بە چەسپاندنی دامەزراوەیی بوو لەسەر ئەرز، کە ڕەگی لە واقیعی کۆنکرێتیدا بێت نەک بیروباوڕی ڕووت، یاخیبوون پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕووتە، ئەو پێش هەموو شتێک پشتبەستووە بە واقیعی کۆنکرێتی و زیندووی ژیان. مرۆڤی یاخی خەبات لە پێناوی پاراستنی ژیاندا دەکات نەک لەپێناو تیۆرییە دابڕاوەکاندا ئەم جووڵانەوەیە لە ناوچە لادێییەکان، لە ناو دڵی سروشت و لە ناو پێویستییە ڕاستەقینەکانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت(کامۆ، ٢٠١٦: ٥٤٠-٥٤٤)کریس کۆچێرا لەم بارەیەوە وەسفی کارکردنی شۆڕش دەکات لەوانەش کۆکردنەوەی پارەو داهات، بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە، دابینکردنی ئازوقە ئەرکی بنەرەتی وان دامەزراندنی لەشکری شۆڕشگێری کوردستان و زەبت و ڕەبت و سەبر و توانای جەنگاوەرانی ئەم لەشکرە کارێکی وا دەکات لەشکری شۆڕشگێری کوردستان بێ بە هێزێکی ئەوتۆ، کە وێرای کەمی چەکداری بتوانی شکستی زۆر گەورە بەسەر سوپای قاسم دا بێنێ (کۆچێرا, ٢٠٠٦: ٢٧٨-٢٧٩) بەڵام مانای یاخیبوونی یەکەم لێرەوە دەست پێدەکات شۆڕشێک کە لەسەر بنەمای ناتەبایی ڕەها لەگەڵ سیستەمی داگیرکەر لەدایکبووە، هێشتا دەیەوێت شەرعییەتی خۆی لە چوارچێوەی لۆژیکی دەوڵەتی عێراقیدا پێناسە بکاتەوە ئەم پارادۆکسە سیاسییە فەلسەفییە لە وتاری جەلال تاڵەبانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، کارکردن لەپێناو پاراستنی یەکێتی عێراق و مانەوە لەچوارچێوەی یەکێتی عێراق کە مافەکان و ئازادیە دیموکراتییەکان بۆ جەماوەری هەردوو گەلی عەرەب و کورد فەراهەم بکات مافی حوکمی زاتی بۆ گەلی کورد (ئۆتۆنۆمی) لە چوارچێوەو سنوری کۆماری عێراقیدا(تاڵەبانی، ٢٠١١: ٣٣٣)ئەم ئۆتۆنۆمییەی کە حزب داوای دەکرد، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا لە لایەن بارزانییەوە بەم فۆرمە دارێژایەوە حکومەتێکی خۆجێی کە دارایی و پەروەردە و فێرکردن و هێزی بەرگری خۆی هەبێت، تەنێ کاروباری دەرەوە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەت بەدەستی دەوڵەتی ناوەندی دەبێت (کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٢٨٦) ئەم

تێکەڵکردنەی یاخیبوونی ڕەها بە ساویلکەیی سیاسی بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی بەغدا، کورد دەخاتە ناو خولگەیەکی تراژیدی لە هیوا و نائومێدی کاتێک بەعسییەکان لە ٨ی شوباتدا کودەتا دەکەن، کورد بە هیوای شکاندنی جەبری مێژوویی پێشوازی لێدەکات، بەڵام پشتگوێخستنی سنووره ڕوونەکان، هۆشیاریی شۆڕشگێڕی دەخاتە مەترسییەوە. لەسەرتای کودەتای ٨ی شوباتدا بەشێوەیەکی گشتی کورد پێی وابوو ئەو گۆڕانکارییە نوێیە دەبێتە مایەی کۆتایهێنان بە بارودۆخی ناوخۆ بەڵام هێندەی پێنەچوو، کورد لە بارودۆخەکە نائومێد بوو، ساڵح یوسفی و فوئاد عارف بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بروسکەیەکی پیرۆزباییان نارد شۆڕشەکەتان لەگەڵ شۆڕشی مەزنی گەلی کورد دژی ستەمکاری قاسم یەکیگرت (گۆمەتاڵی، ٢٠٢٤: ١٣-١٤)ئەم بروسکەیە، لوتکەی ناکۆکیی تیۆریی نێوان ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و دەستەوستانبوونی دیپلۆماسی بوو، کە مەلا مستەفا ڕەخنەی لێگرت مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی پارتی ڕەخنەیان لە ناردنی ئەو بروسکەیە گرت، چونکە هێشتا هەلوێستی ڕژێمی نوێ لەبارەی پرسی کورد روون و ئاشکرا نییە(گۆمەتاڵی، ٢٠٢٤: ١٤) ئەم متمانە زارەکییە، ساویلکەیی سیاسیی پیشان دەدات کە دەیەوێت لەگەڵ بکوژانی خۆیدا ڕێککەوتن بکات، وەک عەبدولڕەحمان بادی ئاماژەی پێدەدات ڕێککەوتنی نووسراو لەئارا نەبوو، بەڵکو تەنها ئەوەی پێی دەڵێن ڕێککەوتنی جەنتلمانی (بادی، ٢٠٠٥: ١٢٤).

لێرەوە دابەشبوونی فەلسەفی و تاکتیکی لە ناو خودی یاخیبوونەکەدا سەرهەڵدەدات جیاوازی لە نێوان ڕوانگەیەکی دووربینانەی شۆڕشگێڕانە و ڕوانگەیەکی واقیعبینانەی کاتیدا، سەلاح ڕەشید لە زاری تاڵەبانییەوە دەنووسێت ڕای مەکتەبی سیاسی زۆر دوربینانە و شۆڕشگێرانەبوو (ڕەشید، ٢٠١٩: ٢١٨)شۆڕش، بەم دابەشبوونە ناوخۆییەوە، دەکەوێتە ناو تەڵەی گۆڕانکارییە کتوپڕەکانی بەغدا، کاتێک عەبدولسەلام عارف لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا کودەتا دەکات و دەرگای گفتوگۆ دەکاتەوە (ڕەشید، ٢٠٢٢: ٥٢)ئەم ئامادەییە بۆ دانوستان، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی تیۆریی شۆڕشەکەی (مەکتەبی سیاسی)، قڵیشی ـ ناوخۆیی قووڵتر کردەوە، بە شێوەیەک کە نوێنەرانی لایەنی سیاسی سکاڵایان لە تاکڕەویی بڕیارەکان دەکرد (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٢٢٥)تێکەڵبوونی سۆز و سیاسەت، و دڵگەرمی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن بە هەر نرخێک بێت، هۆشیاریی شۆڕشگێڕی خەساند، وەک مەسعود محەمەد لە یادەوەرییەکانیدا تۆماری دەکات بە هەموو دڵ حەزم دەکرد گفتوگۆ سەر بگرێت ناوناوە دڵگەرمی دەگەیشتە ڕادەیەک دەتگوت ئێستە مووی موعاوییە دەپسێت(محەمەد، ٢٠١٦: ٦٢٥).

**تەوەری دووەم:ڕێکەوتنامەی جەزائیر چرکەساتی بێمانایی**

لوتکەی وەهمی یاخیبوونی یەکەم، لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا دەردەکەوێت. لای ئەلبێرت کامۆ، بێمانایی کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ وابەستەی یاساکانی دوژمنەکەی بێت بۆ سەلماندنی بوونی خۆی. سەرەتا وا دیار بوو کە بەعس تەسلیمی ئیرادەی کورد بووە (ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٢٧٧). بارزانی ئەمەی وەک ناچارییەکی جیۆپۆلەتیکی بینی، چونکە بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕێگەی بە دەستکەوتی زیاتر نەدەدا (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٤١٧). لە ڕووی یاساییەوە، مادەی

دەستووری گۆڕا تا دان بنێت بە بوونی دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٤٣٦). مەسعود بارزانی ئەمە بە بەڵگەیەکی مێژوویی ئەبەدی دەبینێت چونکە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتی کورددا، دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورددا نا (بارزانی، ٢٠٠٤: ٤٤).

بەڵام بێمانایی لێرەدایە کە مادەی بنەڕەتی و سەرەکی ئەم ڕێکەوتننامە پازدە مادییە، مادەی چواردەمییەتی کە بریتییە لە دانان بە ئۆتۆنۆمی گەلی کورد بەپێی سەرژمێرییەک لە ئایندەدا (کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٣٥٨) ئەم سەرژمێرییە هەرگیز نەکرا، چونکە هیچ لایەک ئامادەیی ڕاستەقینەی نەبوو بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی بەمەش یاخیبوون و ململانێ گەیشتە ڕێگایەکی داخراو (قەیسی، ٢٠٢٤: ١٦٧). کورد، لێرەدا دەبێتە قوربانیی جەبری جوگرافیا و فرتوفێڵی نێودەوڵەتی. مەکداول دەنووسێت ساڵی ١٩٧٢ بۆ هەردوولا، ساڵی دان بەخۆداگرتن و فرتوفێڵ بوو (مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٤٣). لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤دا بەغدا بە تاکلایەنە ئۆتۆنۆمییەکەی سەپاند و دوو هەفتە مۆڵەتی دا بە کورد بۆ تەسلیمبوون (مەکداول، ٢٠٠٥: ٥٥٠).

لەم چرکەساتەوە، کورد بە تەواوی دەبێتە کەرەستەیەکی بێ ئیرادە لە مانۆڕی جەنگی سارددا. پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ ئەمریکا کە لە نیسانی ١٩٧٢دا گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوان هەر هەنگاوێک کە دەنێن لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیانە ، چونکە زلهێزەکان هەمیشە بەرژەوەندی لە سەرووی هەموو شتێک و دۆزێکەوە دەبینن (حەسەن، ٢٠٢٥: ٥٥) سەرۆک نێکسۆن لە تەمووزی ١٩٧٢دا جان کانالی نارد بۆ تاران بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی لێدانی عێراق لە ڕێگەی کوردەوە ئەم لۆژیکە ئیمپریالیستییە بۆ کەمکردنەوەی فشاری سەر ئیسرائیل و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نەوتییەکان بوو. وەک کۆچێرا تۆماری دەکات، کوردەکان بە هەڵە پێیان وابوو کە ئەمریکا هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەیە (کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٢٣٨).

ئەم داڕووخانە ئەبستراکتە مێژوویە، ڕێک ئەو جیهانە بێدەنگ و بێ مۆڕاڵەیە کە فەلسەفەی مێژووی پەتی بەرهەمی دەهێنێت کاتێک مرۆڤ دەکرێتە ئامراز. ماتریالیزمی مێژوویی، توندوتیژی، نکۆڵیکردن لە هەر ئازادییەک کە بە ئاگاداری بەرهەمهێندراو نەڕوات، و جیهانی جوامێری و بێدەنگی، ئەمانە مەنتقیترین دەرەنجامی فەلسەفەی مێژووی پەتیین لە دنیای ئەمڕۆدا، بە تەنیا فەلسەفەی ئابووری دەتوانێت پاساو بۆ ناتوندوتیژی بهێنێتەوە شا پێشوەختە و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بڕیاری دابوو جلی خۆکشانەوە لەبن پاڵتۆی دەوڵەتمەداری لەبەر بکات لە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٥دا کاتێک کیسینجەر لە گەڕان و پشکنینەکانیدا بوو بە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ لە زیوریخ لەگەڵ شای ئێران کۆبووەوە شا بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە بە کیسینجەری ڕاگەیاند کە بەدوای دانوستان لەگەڵ سەددام حوسێندا گەڕاوە. کیسینجەریش لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ سەرۆک فۆرد نووسیویەتی شا گوتوویەتی ئۆتۆنۆمییەکی دەوڵەتی کوردی پێ قبووڵناکرێ، کە بکەوێتە بن ڕکێفی حکوومەتێکی ناوەندی کۆمۆنستی عێراقی پێدەچێ مرخی لەوە خۆشکردبێ لەگەڵ عێراقییەکان لەیەکتێگەیشتنێک سەبارەت بە کوردەکان هەبێ(کامۆ، ٢٠١٦، ١٧-٢٥، ١٤٧-١٥٣، ١٧٨-١٨٨؛ گیبسن، ٢٠٢٢: ٦٣٥) شای ئێران گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە مەترسی سەرکەوتنی کورد لە کوردستانی عێراق بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

شاهەنشاهی ئێران، زۆر زیاترە لە مەترسی سەرکەوتنی حکوومەتی عێراق و بەهێزبوونی ئەو وڵاتە (تەتەر، ٢٠٢٢، ب١: ٤٨-٤٩).

کیسینجەریش بە تەواوی دەیگەیاند کە کایەی کورد بەرەو کۆتایی دەڕوات ئەو لە ٢٢ی شوباتدا بە دینتز ڕادەگەیەنێت شا دەترسێ کە کاری کورد تەواو بووبێ لەوانەیە ئەگەر لە کۆبوونەوەی ئۆپێک (OPEC)دا بەیەک بگەن، دانووستان لەگەڵ عێراقییەکاندا بکا، لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەوەی ڤیتۆکەی لەسەر هەڵبگرن ئەویش دەست لە بارزانی هەڵبگرێ (گیبسن، ٢٠٢٢: ٦٣٦) بەڵام لەگەڵ ئەم زانیارییە دڵنیاکەرەوانەی سەر مێزەکانی واشنتن و تاران، هێشتا بە نامەی فێڵاوی و تەڵەکەی دۆستانە هانی بارزانییان دەدا. لە ٢٠ی شوباتدا، کیسینجەر لە وەڵامی نامەیەکی بارزانیدا کە داوای دیداری کردبوو، بە زمانێکی دیپلۆماسیی لێوانلێو لە دووڕوویی نووسیویەتی من دەمەوێ تۆ ئەوە بزانی، کەوا ئێمە سەرسامین بە خۆت و گەلەکەت و کۆششی مەردانەتان لەوە دڵنیابە پەیامەکەت بەوپەڕی ئاستبەرزی سەرنجداوە لە لایەن حکوومەتی وەڵاتە یەکگرتووەکان تەماشادەکرێ ئەگەر نوێنەرێکی متمانەپێکراوتان بۆ واشنتن بنێرن. ئێمە شەرەفمەند دەبین (گیبسن، ٢٠٢٢: ٦٣٧).

لوتکەی تراژیدیاکە و تەقینەوەی بێمانایییەکە لە کۆبوونەوەی ئۆپێک لە جەزائیر لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا ڕوویدا (کۆچێرا، ٢٠٠٦: ٢٣٨؛ کامۆ، ٢٠١٦: ٥١٩؛ جەلال، ٢٠٢١: ٦٢١). لەم ڕۆژەدا، شا بە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ سەددام حوسێن، جیهان و کوردی سەرسام کرد تەنها دوو هەفتە دوای بەڵێنە کایەکەرەکانی ئەمریکا، شا سنوورەکانی داخست و هەموو پشتگیرییەکی لەسەر کورد وەستاند لە بەرامبەردا، عێراقییەکان سازشیان لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب کرد، کە سنووری ئاوی نێوانیان بوو (گیبسن، ٢٠٢٢: ٦٣٧).

ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە واقیعدا گۆڕینەوەی جیوگرافیا بوو بە ئیرادەی گەلێک؛ حکومەتی عێراق ئامادە بوو دەست لە بەشێک لە خاک و سنوورە ئاوییەکەی خۆی لە شەتولعەرەب هەڵبگرێت، تەنها بۆ ئەوەی بۆ یەکەم جار پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، دەسەڵاتی سەربازیی خۆی بەسەر هەموو کوردستاندا بگەڕێنێتەوە (تەتەر، ٢٠٢٢، ب١: ٤٨). هەرچەندە شا بەپێی ئەم پەیماننامەیە نیوەی ڕووباری شەتولعەرەبی چنگ کەوت، بەڵام هەر ئەم سازشە ناچارییەی عێراق لە داهاتوودا بوو بە هۆکاری سەرەکی بۆ هێرشکردنی سوپای عێراق بۆ سەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٦١٣). لە ئەنجامی ئەم سەوداگەرییەدا، سوپای عێراق لە مانگی نیسانی ١٩٧٥دا هەموو شوێنە ستراتیجییەکانی کوردستانی گرت و بەغدا ئەمەی بە دەرفەتێکی زێڕین زانی تا سیاسەت و ئامانجەکانی خۆی لە کوردستاندا جێبەجێ بکات، چونکە هەردوو لایەنی ڕێککەوتنەکە (ئێران و عێراق) زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر شۆڕشی کورد سەرهەڵنەداتەوە (تەتەر، ٢٠٢٢، ب١: ٤٨-٤٩).

لە کۆتاییدا، شای ئێران بە تەواوی دەستبەرداری کورد بوو (جەلال، ٢٠٢١: ٦٢١). لوتکەی بێباکی ئەخلاقی کاتێک دەرکەوت کە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٥دا دیدارێک لە نێوان بارزانی و شای ئێران ڕێک خرا؛ محەمەد ڕەزا پەهلەوی بە ساردییەوە ئەوەی خستە ڕوو کە لە بەرژەوەندی پێشەوا و جەنگاوەرانی کورددایە وەک چەند میوانێکی بەڕێز و سەنگین پەنا بەرنە بەر ئێران (ئاکرەیی، ٢٠٢٣: ٦١٧-٦١٨). کیسینجەر بۆ

پاسـاودانی ئەم تـاوانە، لە گاڵتەجـاڕییەکی نابەجێـدا گـوتی نـابێ چـالاکی نهێـنی تـێکەڵ بە کـاری مـژدەدەرانە (تەبشـێری) بکـرێ (مەحـو، ٢٠٠٩: ٢٧).ئەمە چرکەسـاتی دادانی بێمانـاییە بەسـەر سـەری مـرۆڤی یـاخی کـورددا. کاتێـک مـێژوو بەبێ بەهـای ئەخـلاق بەڕێـوە دەچێـت، مـرۆڤ دەبێـتە دیـلی هاوکێشـەی قـازانج. ئەگەر مـێژوو لە دەرەوەی بەهـا ئەخلاقییەکـان سـەیر بکرێـت، ئەوا بە تەواوی ملـکەچی یاسـای هـێز و بەرژەوەنـدیی رووت دەبێـت. ماتریـالیزمی مـێژوویی و جەبـرگەرایی وا دەکەن کە نکـوڵی لە هەر جـۆرە ئـازادی و جـوامێرییەک بکرێـت کە لە دەرەوەی هاوکێشـەی قـازانج و هـێزدا بێـت. ئەم دنیـایە دەبێـتە جیهـانێکی بێـدەنگ، بەڵام هەر لە نـاو ئەم داڕووخـانە قـووڵەدا مـۆراڵی ڕاستەقینە تاق دەبێتەوە (کامۆ، ٢٠١٦: ٥١٦-٥١٩).

بـــارزانی، وەک پیـــاوێکی شکســـــتپێهێنراو نەک شکســـــتخواردوو نەک لە لایەن دوژمـــــنەکەیەوە، بەڵکـــو لە لایەن ئەوانەی سیاســـەتیان بـــۆ مســـــۆگەرکردنی بەرژەوەنـدییەکانیان بەکـار دەهێنـا لە پەنابەرێتیـدا کـۆچی دواییکـرد. کـۆی ئەم مـێژووە سـەپێنراوە، گوزارشـتە لە دارمـانی مانـا کاتێـک یـاخیبوون ئـیرادەی خـۆی دەبەسـتێتەوە بە ئایـدۆلۆژیایەکەوە کە دەیەوێـت واقیـع بە زۆر بگونجێنێـت. ئایـدۆلۆژیا هەرگـیز ناتوانێـت لە ئەنجامـدانی تـیرۆر و تونـدوتیژی بەرامـبەر بە واقیـع خـۆی بپارێزێـت؛ چـونکە ئەو لەسـەر بنەمـای ڕەهـا دامەزراوە و دەیەوێـت واقیـع بە گـوێرەی خواسـتی خـۆی بگۆڕێـت. بەڵام یـاخیبوون، بە پـێچەوانەوە، هەمیشـە پشـت بە واقیـع دەبەسـتێت تـا لە نەبەردیـیەکی بەردەوامـدا بەرەو حەقـیقەت بڕوات(یاسـین، ٢٠٢٤، ١٠٥-١٠٨؛ کـۆرن، ١٩٩٤: ١٢-٢٧؛ کامۆ، ٢٠١٦: ٥١٨-٥٢١).

**تەوەری سێیەم: کورد لە نسکۆوە بەرەو ڕەتکردنەوەی دووەم**

جەبـری مـێژوویی لـێرەدا دەگـاتە خـاڵی کۆتـایی خـۆی سیسـتەمی جیۆپـۆلەتیکی نێـودەوڵەتی بڕیـاری سڕینـەوەی شـۆڕشی کـوردی دا بەڵام لای کـامۆ لـوتکەی تراژیـدیا دەبێـتە سـەرەتای هۆشـیاریی ڕاسـتەقینە، یـاخیبوون لە هـزری کامۆدا بە گـوتنی وشـەی نـا دەسـت پێـدەکات کە ئەمەش یەکەمـین هەنگـاوی مـرۆڤی کـورد بـوو لە دوای نسـکۆی ١٩٧٥ بـۆ ڕەتکـردنەوەی جەبـری واقیـع کاتێـک ڕێککەوتننـامەی جەزائـیر دەیویسـت بێـدەنگییەکی هەمیشـەیی بەسـەر چـارەنووسی ئەم نەتەوەیەدا بسـەپێنێت گـوتنی نـا بـوو بە سـەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ. لە هۆشـیاری ڕێککەوتننـامەی جەزائـیر تەنیـا نەخشـەیەکی سیاسی نەبـوو بەڵکـو تـاقیکردنەوەیەکی سـەخت بـوو بـۆ سـەپاندنی حەتمیـەتی شکسـت بەسـەر کـوردا، ئەم پیلانگێڕیـیە نێـودەوڵەتییە لە پشـت پەردەی دیپلۆماسـییەتێکی تـاریکەوە داڕێـژرا بـوو ئەو پـیلانەی جەزائـیر داڕێـژراوی مانگەکـانی دوو و سـێ سـاڵی ١٩٧٥ نەبـوو بەڵکـو پـلانی تشرـینی یەکەمی ١٩٧٤ بـوو کە لە نێـوان سـەددام حوسـێن و بومیـدیەن دا کێشرـابوو و ڕۆژنـامەی لۆمۆنـدی فەرەنسیـ لە سـەرەتای ١٩٧٥دا ئامـاژەی بەوە کـرد کە بـابەتی کۆبـوونەوەکە پـتر پەیوەنـدی بە لێـک نزیککـردنەوەی عـێراق و ئـێران بووە لەیەکتری (ئیبراهیم جەلال، ٢٠٢١، ٦٢١؛ سپیڤاک، ٢٠٢٢، ل. ١٠).

ئەم واقیـعە سـارد و مێکـانیکییەی مـێژوو کە تێیـدا چـارەنووسی گەلان دەکـرێتە قوربـانی بەرژەوەنـدیی هـێزە گەورەکـان لە لێـدوانەکانی هێـنری کیسنجەریشـدا ڕەنگـدەداتەوە کاتێـک دەنووسـێت شـا بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشـوەختە سـازشی لەسـەر دۆزی کـورد کـرد و شـا ئـێمەی بە ڕاگەیانـدنێک سەرسـامکرد بەوەی لەگەڵ سـەددام حوسـێندا

گەیشتۆتە ڕێککەوتنامەیەک کە کاریگەرییەکەشی ئەوە بوو دەستبەرداری کورد بوو و لە بەرانبەریشدا عێراقییەکان سازشیان لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب کرد (گیبسن، ٢٠٢٢، ٦٣٧) خیانەتی ١٩٧٥ وەهمی هاوپەیمانیی تێکشکاند مەسعود بارزانی ئەم سوکایەتییەی هەمیشە لە یاد بوو کاتێک دەیگوت "ئەزموونێکی تاڵمان بەدەست حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە چێشت"(بارزانی، ٢٠٠٤، ٤٤؛ مەحوّ، ٢٠٠٩، ٢٨).

کاتێک بارزانی بە شای ئێرانی ڕاگەیاند کە ئەو وای بە چاکتر دەزانێت بەردەوام بن لەسەر جەنگ لە کوردستانی عێراق تەنانەت بەبێ یارمەتی ئێرانیش شا بە لۆژیکێکی ساردی جیۆپۆلەتیکی و وەک سەپێنەری جەبری واقیع وەڵامی دایەوە:" دەترسم لەنێو چیاکان لەناو بچن و هیچ کەسێک گوێی لەدەنگتان نەبێت" (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦١٨) ئەم گوتەیەی شا گوزارشت بوو لە لوتکەی دڵڕەقیی مێکانیکیانەی مێژوو کە دەیویست کورد تەسلیمی مردنی بێدەنگ بکات، نسکۆی ١٩٧٥ تەنیا شکستێکی سەربازی نەبوو بەڵکو سووکایەتییەکی سیستماتیک بوو کە وەڵامێکی قووڵی فەلسەفیی بەدوای خۆیدا هێنا کامۆ پێمان دەڵێت کە مرۆڤ یاخی لە چرکەساتی ڕەتکردنەوەدا سنوورێک بۆ بێدادی دادەنێت، بۆ تێگەیشتن لەم نسکۆ فەلسەفییە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سروشتی خودی شۆڕشەکە شۆڕشی ئەیلول تەنیا بزووتنەوەیەکی چەکداریی لۆکاڵی نەبوو بەڵکو پرۆسەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو کە توانیبووی پێکهاتە جیاوازەکان لە ژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک ڕوودەدات کە گەلێکی چەوساوە لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ فیدراڵی یان خۆبەڕێوەبەر خەبات بکات و شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی یەکخست و خەڵکی پارچەکانی کوردستانی بەو هەموو زاراوە و کۆلتووره جیاوازەوە بەیەک ئاشنا کرد (وانلی، ٢٠٢٥، ١٧٩؛ ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ٣٠) ئەم شۆڕشە لە ڕێگەی سوپایەکی جەماوەریی ڕێکخراوەوە متمانەی بە تاکی کورد بەخشیبوو و حەتمییەتی سەرکوتکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی تێکشکاندبوو بە جۆرێک کە زەبت و ڕەبت و سەبر و توانای جەنگاوەرانی ئەم لەشکرە کارێکی وا دەکات لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بێ بە هێزێکی ئەوتۆ کە بتوانی شکستی زۆر گەورە بەسەر سوپای قاسمدا بهێنێت و ئیدی ئەوە بۆ ڕۆڵەکانی گەلی عێراق ڕوون بووەوە کە سوپای عێراق ناتوانێت شۆڕشی کورد سەرکوت بکات (کوچێرا، ٢٠٠٦، ٢٧٩ ; ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ١٠٤)

بەڵام کێشە فەلسەفی و مێژوویە کە لەوەدا بوو کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد زۆرجار مێژووی لە چوارچێوەی یاسای هێزی مێکانیکی و هاوسەنگییە دەرەکییەکاندا دەبینی نەک وەک پرۆسەیەکی یاخیبوونی ڕەها مێژووی دانوستانەکان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نیشانی دەدات کە کورد هەمیشە لە نێوان هیوای ئاشتی و داوی تەسلیمبووندا هاتوچۆی کردووە، لە سەرەتای کودەتای هەشتی شوباتدا بەشێوەیەکی گشتی کورد پێی وابوو ئەو گۆڕانکارییە نوێیە دەبێتە مایەی کۆتاییهێنان بە بارودۆخی ناوخۆ بەڵام هێندەی پێنەچوو نائومێد بوو و لە سەرەتای ١٩٦٤یشەوە دانوستان دەستی پێکردەوە بەڵام نادڵنیایی و متمانە بەخۆنەبوونی حکومەت و

نـاجێگیری داخوازییەکـان وایکـرد ڕێککەوتنەکـان بە ناکـامی بمێنـنەوە (مەکـداول، ٢٠٠٥، ٥٣١ ؛ گۆمەتاڵی، ٢٠٢٤، ١٣)
حەزکـردن بە ڕێککەوتـن بەبێ گەرەنـتی مـێژوویی وەک ئەوەی لە بەیاننـامەی یـازدەی ئـازاری ١٩٧٠دا ڕوویـدا گەورەتـرین کێشـەی سـتراتیژی بـوو لە لایەکەوە بـارزانی پـێی وابـوو بـۆ یەکەمـین جـار لە مـێژووی مـیللەتی کـورددا دەوڵەتـێکی خـاوەن سـەروەری بەڵگەنـامەیەکی یاسـایی ئیمـزا کـرد (بـارزانی، ٢٠٠٤، ٤٤) بەڵام لە لایەکی تـرەوە مـرۆڤ تێناگـات کوردەکـان کە هەمـووکەس پـتر شـارەزا و ئاشـنای بێبەمـانی و دەمـدەمییەتی سیاسـەتی عـێراق بـوون چـۆن بەوە قایـل بـوون ڕێککەوتننـامەیەک ئیمـزا بـکەن کە سـنووری نـاوچەی ئۆتۆنـۆمی ڕانەگەیانـد و دیـاری نەکـرد چـونکە هەرلایەک دەیویسـت خواسـتەکانی خـۆی بەسـەر ئەویدیـدا بسـەپێنێ و هـیچ لایەکیشـیان ئامـادەیی نائومێـدکردنی ڕاسـتەقینەی نەبـوو (کـۆچێرا، ٢٠٠٦، ٣٦٠ ؛ قەیسیـ، ٢٠٢٤، ١٦٧) کاتێـک تـاکی کـورد بڕیـاری دا دژی دەرئەنجـامە ملهوڕەکـانی پەیماننـامەی جەزائـیر ڕاببەڕێـت ئەو لە ڕاسـتیدا دژی فەلسـەفەی تەسـلیمبوون یـاخی بـوو چـونکە بەهـایەکی تێـدا دۆزیـیەوە کە شـایانی قوربانیـدان بێـت ئەم بەهـایە بـۆ کـورد کەرامەتی نەتەوەیی و مـافی بـوون بـووکە لە جەزائـیردا مـۆرکی سڕیـنەوەی لێـدرابوو بـۆیە دژە جەبـری مـێژوویی لـێرەوە دەسـت پێـدەکات کاتێـک مـرۆڤ ڕەتیـدەکاتەوە تەنیـا کەرەسـتەیەکی بێـدەنگ بێـت لە نـاو هاوکێشـەی هـێزە گەورەکانـدا (کـامۆ، ٢٠١٦، ٣١- ٣٧) نسـکۆی ١٩٧٥ قـووڵترین چرکەسـاتی نـامۆبوون و ئـازار بـوو ئازارێـک کە تـەنانەت لە نـاو زینـدانی هاونیشتیمانیانیشـدا ڕەنـگی دەدایەوە کاتێـک مـرۆڤ دەڵێـت ناخۆشـترین ناخۆشـییەکان ئەوەبـوو تـۆ هاتوویـت دژی داگـیرکەری وڵاتەکەت کەچی ئێسـتا لە زینـدانی ئەوانەدایـت کە خۆیـان بە خەبـاتکەر دەزانـن لە دژی داگـیرکەری وڵاتەکەت و نازانیـت بڵێیـت چی و ئەمە چ دەردیسەری و بەدبەختییەکە (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٢٥).
لە پـاش نسـکۆ فاشـیزمی بەعـس کەوتە کـار بـۆ لێـدانی بنەماکـانی بـوونی نەتەوەیی کـورد، ڕژێـم دوای تێکشـاندنی بەرەنگـاری هێزەکـانی کـورد بەخـێرایی بـۆ جێگیرکـردنی دەسـەڵاتی خـۆی لە کوردسـتان کـاری دەکـرد ئەم جێگیرکـردنە تەنیـا ڕێوشـوێنێکی کـارگێڕی نەبـوو بەڵکـو هەوڵـێکی ڕادیکـاڵ بـوو بـۆ گـۆڕینی فیزیـا و جوگرافیـای کوردسـتان سـەردەمێکی سـەخت و نـاخۆش بـوو چـونکە ڕژێـم پشـتێنەیەکی ئاسایشیـ بەدرێـژایی سـنووری ئـێران و تورکیـا دروسـت کـرد پـانی ئەو پشـتێنە لەسـەرەتادا پێـنج کیلـۆمەتر بـوو بەڵام لەهەنـدێ نـاوچە گەیشـتە سی کیلـۆمەتر بـۆ جێـبەجێ کـردنی ئەم کـارە لە قۆنـاغی یەکەم ٥٠٠ گونـدی وێـران کـرد و ژمـارەی ئەو گوندانەی لەسـاڵی ١٩٧٨ وێـران کـران گەیشـتە ١٤٠٠ گوند (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٥٦).
ئەم تونـدوتیژییە سیسـتماتیکە لایەنـێکی هەرێمایەتیشیـ هەبـووکە تێیـدا جەبـری جیۆپـۆلەتیکی دەیویسـت هەمـوو دەرچەکـانی هیـوای یـاخیبوون دابخـات لە ئـاداری ١٩٧٧دا سـەدام حوسـێن سـەردانی ئەنـقەرەی پـایەتەختی تورکیـای کـرد هـانی حکـوومەتەکەی تورکیـای دا کـۆنترۆڵی سـنوورەکەی لەگەڵ عـێراق بکـات و ڕێ بەگەیشـتنی چەک و تەقەمەنی نەدا بـۆ کـوردانی عـێراق هەردوو وڵاتـانی سـوریا و سـۆڤیەتی تاوانبـار کـرد بەیارمەتیـدانی کـورد (ئیـدگار ئـۆ بـالانس، ٢٠٢٢، ٢٦٥) ڕژێـم تەنیـا بەوەوە نەوەسـتا بەڵکـو لە چوارچێـوەی لێـدانی هەر جـۆرە فـرەیی و هۆشـیارییەکی

ڕەخنەییدا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٨ بەغدا دەستی کرد بەهەڵمەتی دژی حزبی شیوعی بە زیندانی کردن و لەسێدارەدانی ئەندامەکانیان (ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٦٦)

بەڵام ڕێک لە ناو ئەم تاریکییە مێژوویییەوە قۆناغی دووەمی ڕەتکردنەوە سەریهەڵدا ئەگەر مێژوو بەپێی یاسای هێزی میکانیکی بەڕێوە بچێت دەبوو دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر دۆزی کورد بۆ هەمیشە کۆتایی پێبێت و بخرێتە ئەرشیفەوە بەڵام فەلسەفەی مێژوو لە ڕێگەی هزری کامۆوە پێمان دەڵێت کە هێزی یاخیبوون لە سەرووی هێزی میکانیکیی مێژووەوەیە مرۆڤی یاخی لە ڕێگەی ململانێوە نیشانیدەدات کە ئیرادە دەتوانێت یاساکانی واقیع بگۆڕێت و حەتمییەتی جوگرافی تێکبشکێنێت (کامۆ، ٢٠١٦، ٢٧- ٤٢) ئەم هێزە دژە جەبرە لە دابەشبوونی مێژوویی کاتدا و لە ڕێگەی گوتنی نایەکی ڕێکخراوەوە دەرکەوت حوزەیرانی ١٩٧٥ تاڵەبانی و ژمارەیەک لە هاوکارانی لە دیمەشق بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ڕاگەیاند (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ١٥٦٣) ئەم کاردانەوە ڕێکخراوەییە تەنیا دروستکردنی پارتێکی سیاسی نوێ نەبوو بەڵکو بەیانی بێباوەڕی بوو بە حەتمییەتی شکست، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا ئیرادەی خۆڕێکخستنەوە لە ناو جەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا سەریهەڵدا هەر لەو ساڵەشدا سەرکردایەتی کاتی (القيادة الموقتة) ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەوڵ و تەقەلای مەسعود بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان دامەزرا (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦٦١)

لەم چرکەساتەدا ناسنامەی کوردی لە دۆخی چەقبەستوویی باوکسالارییەوە بەرەو فرەییەکی زیندوو و هۆشیارییەکی نوێ هەنگاوی نا لە ساڵی ١٩٧٦ بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بە ڕابەرایەتی ساڵح یووسفی دامەزرا و دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ لیژنەی ئامادەکاری پارتی بەسەرۆکایەتی مەحموود عوسمان دامەزرا (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦٦١) ئەم فرەیی و داینامیکییەتە نوێیە لە ناو جەرگەی یاخیبووندا ڕەوتی بەیەکگەیشتن و یەکگرتنی گرتەبەر نوێنەرانی سێ بزاڤ بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان هێڵی گشتی لە کۆنگرەیەکدا لە ٨/٣١ تا ١٩٧٦/٩/١٢ لە ناوچەی برادۆست و بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی لێبڕان لە ڕێکخراوێکدا بە نێوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەک بگرن ئەم ڕێکخراوە مەکتەبێکی سیاسی هەڵبژارد و جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی هەڵبژارد (کرێس کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٤٥٢)

ئەم هەستانەوەیە ڕاستەوخۆ بە کرداری چەکداری وەڵامی جەبری واقیعی دایەوە لە مانگی نیسانی ١٩٧٨ پێشمەرگە هێرشێکیان بردە سەر بنکەیەکی سەربازی لەدەوروبەری مووسڵ ئەمەش سەرکردایەتی کاتی پارتی ڕایگەیاند کە سی سەرباز کوژراون (ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٦٦) لێرەدا فەلسەفەی یاخیبوون دەیسەلمێنێت کە چەک تەنیا کەرەستەیەکی سەربازی نییە بەڵکو ئامرازێکی فەلسەفییە بۆ سەلماندنی بوونی خود لە بەرامبەر سڕینەوەدا، بەڵام تراژیدیای کامۆیی لێرەدا قووڵتر دەبێتەوە کاتێک مرۆڤی یاخی لە دەرەوە ڕووبەڕووی جەبری مێژوو دەبێتەوە لە ناوخۆدا دەکەوێتە داوی ململانێی نەرێنی و لێکدابڕانەوە یاخیبوون ئەگەر هۆشیارییەکی فەلسەفی باڵا ڕێبەری نەکات مەترسی هەیە چەکەکەی بەرەو ڕووی خۆی وەربگێڕێت لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٧٨ میدیاکانی تورکیا هەواڵی پێکدادانی

پارتی و یەکێتی بڵاوکردەوە کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی ١٠٠ کەسی یەکێتی لە ڕاپۆرتێکی تر باس لە دەستگیرکردنی ٤٠٠ کەسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرکردەکانییەوە دەکات (ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٧٠) ئەم شەڕە ناوخۆییە لوتکەی ئازاری نامۆبوون بوو لە ناو پرۆسەی یاخیبووندا، بەڵام کاتێک مێژووی دەرەکی گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت یاخیبوون ناچار دەبێت هاوسەنگییەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە ئەیلوولی ١٩٨٠ کاتێک عێراق هەڵمەتی کردە سەر ئێران دوژمنانی عێراق دەبوایە هاوپەیمانەکانی خۆیان لەناو گرووپە جۆراوجۆرەکانی کوردا هەڵبژاردبا لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم ئەو گرووپانەی بارەگایان لە دیمەشق بوو بەرەی دیموکراتی نیشتمانی عێراق (جوقد) یان دامەزراند (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٦٨) ئەم بەرەیەی هەوڵێک بوو بۆ کۆکردنەوەی ئیرادە پەرتەوازەکان دژ بە فاشیزمی ناوەندی، بەرەی جوقد لە نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی پارتی بەعسی سۆسیالیستی ناوەندی عێراق حسک و حیزبی شیوعی عێراق دامەزرا (سەلاح ڕەشید، ٢٠٢٢، ١٩٩)بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم یەکگرتنە زیاتر میکانیکی بوو نەک ئۆرگانی دیالێکتیکی ململانێی ناوخۆیی بەرەیەکی تری هێنایە کایەوە لەبەر ئەوەی بەرەی جوقد بەناکاملی هاتە دونیاوە هەر دوای هەفتەیەک لە ٢٨/ ١١/ ١٩٨٠ بەرەیەکی نوێ لە گوندی ڕاژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی(جود) ڕاگەیەندرا ئەم بەرەیە بە دەسپێشخەری شیوعی دروست بوو تەنها لەبەر ئەوەی پارتی ببێت بە ئەندامی بەرەیەکی عێراق و هەست نەکات پەراوێز خراوە (سەلاح ڕەشید، ٢٠٢٢، ١٩٩)

»ئەم پێشوەچوون و دروستبوونی بەرە سیاسییانە نیشانیدەدەن کە کورد چۆن لە ناو داوی پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەمیشە لە ڕێگەی دارشتنەوەی کایەی سیاسی خۆیەوە هەوڵی داوە متمانەبەخۆبوونی نەتەوەیی بپارێزێت. لەم سەرلەنوێ دارشتنەوە مێژووییەدا، چەمکە بەناوبانگەکەی ئالبێرت کامۆ بەرجەستە دەبێتەوە کە دەڵێت: "من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین " هەرچەندە جەبری مێژوویی دەیویست لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، وێرانکردنی گوندەکان، پشتێنەی ئەمنی و بلۆککردنی سنوورەکانەوە گەلی کورد پارچەپارچە و نائومێد بکات، بەڵام کرداره یاخیبووانەکەی ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٨٠ و دووبارە هەستانەوەی بەرە سیاسییەکان، ناسنامەیەکی بەکۆمەڵی نوێی بە نەتەوەکە بەخشی. ئەم وەرچەرخانە فەلسەفییە وا دەکات کورد لە ئەکتەرێکی پاسیڤەوە ببێتە بکەرێکی سەرەکی و مێژوونووس، و بسەلمێنێت کە مێژووی میکانیکی و هاوسەنگی هێزەکان ناتوانن بڕیاری کۆتایی و سڕینەوە بەسەر گەلێکدا بسەپێنن کە ئیرادەی یاخیبوونی تێدا زیندووە (محەمەدڕەشید، ٢٠٢٤، ل. ١٣٢، ٢١١؛ ئیبراهیم جەلال، ٢٠٢١، ٦٢١؛ کامۆ، ٢٠١٦، ٤٣-٤٤؛ گیبسن، ٢٠٢٢، ٦٣٧).

**دەرئەنجام:**

یەکەم: نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەوەی سەلماند کە خوێندنەوەی سەرکردایەتی سیاسی بۆ دۆخەکە، زیاتر لەسەر بنەمای هاوسەنگییە دەرەکییە کاتییەکان بوو، ئەم پشتبەستنە زۆرە بە هێزە ئیمپریالیستەکان، جۆرێک لە دابڕانی لە ئیرادەی ڕاستەقینەی ناوخۆیی دروست کردبوو، بە شێوەیەک کە کاتێک هاوکێشەی بەرژەوەندییەکان گۆڕا،

کورد وەک کەرەستەیەکی فشار لەلایەن دەوڵەتانەوە بەکارهێنرا و دواتر پشتگوێ خرا، ئەمەش گەورەترین کێشەی فەلسەفی و سیاسی ئەو سەردەمە بوو.
دووەم: ڕێککەوتننامەی جەزائیر تەنیا پیلانێکی دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ سەپاندنی شکستی هەمیشەیی بەسەر کورددا. بەڵام ئەم جەبرە مێژووییە بووە هەوێنی هۆشیارییەک کە تێیدا تاکی کورد لە وەرگرێکی پاسیڤی ستەمەوە گۆڕا بۆ بکەرێکی کارا. ئەم وەرچەرخانە فەلسەفییە لە ڕێگەی ڕەتکردنەوە و یاخیبوونەوە سەلماندی کە ئیرادەی ژیان لە سەرووی هاوکێشە میکانیکییەکانی مێژووەوەیە.

**سێیەم:** سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە دوای ساڵی ١٩٧٥، بەرجەستەکردنی فەلسەفەی یاخیبوونی (کامۆ) بوو. ئەمە تەنیا پەرچەکردارێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەک بوو بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ. کورد توانی لە ناو خۆڵەمێشی- شکستێکی سیستماتیکەوە، متمانەبەخۆبوونێکی نوێ بەرهەم بهێنێتەوە و واقیعی سیاسی لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆی بگۆڕێت.

**چوارەم:** دیوە تاریکەکەی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە نامۆبوونی شۆڕش لە ناوخۆیدا. کاتێک هێزە یاخیبووەکان لە جیاتی ڕێکخستنی فرەیی و داینامیکییەت، کەوتنە داوی شەڕی ناوخۆییەوە. ئەمە پاشەکشەیەکی فەلسەفی گەورە بوو؛ چونکە چەکی یاخیبوون لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر، ڕووی لە خودی مرۆڤی یاخی کرد، کە ئەمەش لوتکەی بەدبەختیی مێژوویی و سستکردنی پرۆسەی ڕزگاری کورد بوو.

**پێنجەم:** فەلسەفەی مێژوو لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ بۆ ١٩٨٠ ئەوەی سەلماند کە مێژوو هێڵێکی دیاریکراو نییە کە هێزە گەورەکان بە تەنیا بینوسنەوە. دروستبوونی بەرە سیاسییەکان (وەک جود و جوقد) گوزارشت بوون لە هەوڵی ئەقڵی سیاسی کورد بۆ دەربازبوون لە پەراوێز. کورد لەو قۆناغەدا سەلماندی کە چیتر بابەتێکی بێدەنگی ناو مێژوو نییە، بەڵکو بکەرێکی سەرەکییە کە ئیرادەی خۆی بەسەر حەتمییەتی جیۆپۆلەتیکیدا دەسەپێنێت.

ليستی سەرچاوەكان:

يەكەم: سەرچاوە كوردييەكان

- ئاكرەیی، شەکیب. (٢٠٢٣) .ساڵانی مەینەتی لە کوردستان: گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان و عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٨٠) .وەرگێڕانی کاوە هاوڕاز، هەولێر: دەزگای فام.
- ئەحمەد، زامدار. (٢٠٢١) .کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١-١٩٧٥ . هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.
- ئەنقووسی، ک. (کۆکەرەوە). (٢٠٢٤) .ڕابەری ئەفسانەیی نەتەوەی کورد و شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا – سۆڤیەت (١٩٥٨-١٩٧٩) .وەرگێڕانی ئیسماعیل حەساف، هەولێر: بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ئۆ باڵانس، ئێدگار. (٢٠٢٢) .کرۆنۆلۆژیای شۆڕش و خەباتی کورد لەسەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤ .وەرگێڕانی دڵشاد میران، هەولێر.
- بارزانی، مەسعود. (٢٠٠٤) .بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد: شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥ .بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- بادی، جەرجیس فەتحوڵلا. (٢٠٠٥) .ڕێککەوتننامە دیپلۆماسییەکان و پرسی کورد . وەرگێڕانی کامەران حەسەن، سلێمانی: ناوەندی غەزلنووس.
- بەشی زانیاریی پارتی دیموکراتی کوردستان. (١٩٧٤) .دۆزی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان .وەرگێڕانی سەنگەر حاجی، هەولێر.
- پرادیێر، ژان. (٢٠٢٥) .شۆڕشی بێدەنگ .وەرگێڕانی هەڵگۆرد شوکر، هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.
- پێنجوێنی، ئەحمەد. (٢٠٢١) .یادەوەرییەکانی خەبات و زیندان .سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- پێنجوێنی، محەمەد ئەمین. (٢٠٢١) .چۆن بووم بەپرد؟! بیرەوەرییەکانی .سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- تاڵەبانی، جەلال. (٢٠١١) .بەرنامە و ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان: وتار و دۆکیۆمێنتە مێژووییەکان .سلێمانی: بنکەی ژین.
- تاڵەبانی، جەلال. (٢٠١١) .کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد .وەرگێڕانی ح-١، سلێمانی: کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر.
- تۆماس، ئارتور سپراگینز. (بێ ڕێکەوت) .تێگەیشتن لە تیۆرە سیاسییەکان .وەرگێڕانی فەرشید شەریفی، سلێمانی: وەشانخانەی اقرأ الثقافي.
- جەلال، ئیبراهیم. (٢٠٢١) .پلانگێڕی نێودەوڵەتی و دارمانی شۆڕشی ئەیلوول .چاپی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.

- جەلال، ئیبراهیم. (٢٠٢١) .باشووری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول: بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥ .چاپی چوارەم، سلێمانی.
- حەسەن، زەید عوسمان. (٢٠٢٥) .دیپلۆماسیەتی چیا: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کورد .هەولێر: ناوەندی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو.
- ڕەحمانی، وریا. (٢٠٢٤) .شۆڕشی ئەیلوول؛ یەکێتی نەتەوەیی و ڕەهەندە کولتوورییەکانی .دهۆک: چاپخانەی خانی.
- ڕەحمانی، وریا. (٢٠٢٤) .شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦ .هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ڕەشید، سەلاح. (٢٠١٩) .مام جەلال: دیداری تەمەن (لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری) .بەرگی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان/ئەندێشە.
- ڕەشید، سەلاح. (٢٠٢٢) .عەبدولسەلام عارف و دۆزی کورد .سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.
- ڕەشید، سەلاح. (٢٠٢٢) .شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرەنجام .!چاپی دووەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- زەکەریا، شێرزاد. (٢٠٢١) .ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و پەرەسەندنەکانی باکووری عێراق .هەولێر: دەزگای توێژینەوەی مێژوویی.
- زەکەریا محەمەد، شێرزاد. (٢٠٢١) .ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان – عێراق، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤-١٩٧٠ .دهۆک.
- سپیڤاک، گایا تری. (٢٠٢٢) .ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟ .وەرگێڕانی س. حاجی، هەولێر.
- شەریعەتی، عەلی. (٢٠١٤) .مرۆڤ .وەرگێڕانی موسعەب ئەدهەم زەڵمی، چاپی سێیەم، سلێمانی: ناوەندی بڵاوکراوەی سارا.
- قانع، مەریوان وریا. (٢٠١٤) .مرۆڤ و کەرامەت .سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.
- قەیسی، سەیف عەدنان. (٢٠٢٤) .کنەکردن لە یادەوەریدا: عەزیز محەمەد .وەرگێڕانی لوقمان باپیر، هەولێر: ناوەندی ئاشتی.
- کاکەمەد، کاروان سلێمان. (٢٠١٨) .مرۆڤ و ژیان .بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.
- کامۆ، ئەلبێر. (٢٠١٦) .مرۆڤی یاخی .وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، تاران: ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.
- کانفیلد، جاک. (٢٠١٢) .بنەماکانی سەرکەوتن .وەرگێڕانی ساڵح سەعید مستەفا، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- کۆرن، دەیڤید. (١٩٩٤) .دوا ساڵەکانی مستەفا بارزانی .وەرگێڕانی عەبدوڵڵا ڕەسول، هەولێر.

- کۆچێرا، کرێس. (٢٠٠٦) .ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد .وەرگێڕانی حامید ڕەشیدی زەرزا، سلێمانی: چاپخانەی ئۆفیسی تیشک.
- کۆچێرا، کرێس. (٢٠٠٦) .کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا .وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم. (٢٠٢٤) .هەڵمەتی ڕەشبگیری ساڵی ١٩٦٣ی هەولێر لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا .هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- گۆمەتاڵی، سالار. (٢٠٢٤) .کودەتاکانی بەغدا و ڕەنگدانەوەیان لەسەر پرسی کورد . هەولێر: ناوەندی زانیاری پێشمەرگە.
- گیبسن، براین ڕۆبەرت. (٢٠٢٢) .جەنگی سارد و بزووتنەوەی کورد: ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .وەرگێڕانی دانا عەلی، سلێمانی: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.
- گیبسن، براین ڕۆبەرت. (٢٠٢٢) .ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟ !.وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- مەحوێ، لوقمان (کۆکەرەوە). (٢٠٠٩) .دۆزی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا: سەرچاوە کتێبی بەڵگەنامەیی (بەشی یەکەم) .وەرگێڕانی عبدولکەریم عوزێری، سلێمانی: بنکەی ژین.
- محەمەد، مەلا ڕەسوڵ. (٢٠١٦) .یادەوەرییەکان و مێژووی گفتوگۆکانی کورد .سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- محەمەدڕەشید، هاوکار محەمەد. (٢٠٢٤) .خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨): پارتی و سۆسیالیست و پاسۆك بە نموونە .هەولێر: بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.
- مەکداول، دەیڤید. (٢٠٠٥) .مێژووی هاوچەرخی کورد .وەرگێڕانی فەرشید شەریفی و ئەبوبەکر خۆشناو، تاران-سلێمانی: دەزگای ئاراس و چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- نێرەوەیی، عەلی تەتەر. (٢٠٢٢) .سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١ .بەرگی یەکەم، دهۆک: کتێبخانەی جزیری.
- نیرگەسەجاری، حوسێن عوسمان و جاف، حوسێن ئەحمەد. (٢٠٠٢) .کورد و کوردستان: لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستان .هەولێر: دەزگای ئاراس.
- وانلی، عیسمەت شەریف. (٢٠٢٥) .کوردستان و کێشەی کورد .وەرگێڕانی دکتۆر نەجاتی، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
- وانلی، عیسمەت شەریف. (٢٠٢٥) .کوردستانی عێراق وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی: لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٦٩ .وەرگێڕانی هەڵگورد شوکر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- یاسین، ب. ئا. (٢٠٢٤) .کورد و کیسنجەر: سەرەتایەکی کێشەدار و کۆتاییەکی کارەساتبار] .ئۆنلاین]، بەردەستە لەwww.burhanyassin.com: .

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية)**

- بادي، ميفان عارف. (٢٠٠٥) .الحركة القومية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣ .دهوك: دار سبيريز للطباعة والنشر.
- حسونة الصباحي. (٢٠٠٤). "البير كامو يكتب عن الجزائر"، جريدة الشرق الأوسط السعودية.
- كروكشانك، جون. (١٩٨٦) .ألبير كامو وأدب التمرد .ترجمة وتعليق: جلال العشري، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- لوبيسك، مورفان. (١٩٨٥) .ألبير كامو: حياته وأدبه وفلسفته من كتاباته .ترجمة: حسين نديم، دار النهضة العربية.
- **سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان(English Sources)**

- Yildiz, K. (2007). The Kurds in Iraq: Past, Present and Future. Revised edition. London: Pluto Press.

List of sources:

First: Kurdish sources

•Akrayi, Shakib. (2023). Years of Suffering in Kurdistan: The Most Important Political and Military Events in Kurdistan and Iraq between 1958-1 Translated by Kawa Hawraz, Erbil: FAM Publishing House.

•Ahmed, wounded. (2021). Koya during the September Revolution 1961-1 Erbil: Danishfar Printing House.

•Anqusi, K. (Collector). (2024). Legendary leader of the Kurdish nation and the September Revolution in Russian-Soviet newspapers (1958-1979). Translated by Ismail Hasaf, Erbil: Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Board Publications.

•O Balance, Edgar. (2022). Chronology of Kurdish revolution and struggle from the nineteenth century to Translated by Dilshad Miran, Erbil.

•Barzani, Massoud. (2004). Barzani and the Kurdish Liberation Movement: September Revolution 1961-1 Volume III, Part II, Erbil: Ministry of Education Printing House.

•Buddy, Jarjis Fathullah. (2005). Diplomatic agreements and the Kurdish issue. Translated by Kamran Hassan, Sulaimani: Ghazalnoos Center.

•KDP Information Department. (1974). Kurdish Cause at the United Nations. Translated by Sangar Haji, Erbil.

•Pradier, Jean. (2025). The Silent Revolution. Translated by Halgord Shuker, Erbil: Danishfar Printing House.

•Penjweni, Ahmad. (2021). Memories of struggle and prison. Sulaimani: Sulaimani Printing and Publishing Directorate.

•Penjweni, Mohammed Amin. (2021). How did I become a bridge?! His memoirs. Sulaimani: Karo Printing House.

•Talabani, Jalal. (2011). Kurdistan Democratic Party (KDP) Program and Path: Historical Articles and Documents. Sulaimani: Zhin Center.

•Talabani, Jalal. (2011). Kurdistan and the Kurdish National Movement. Translated by H-1, Sulaimani: Jamali Ali Bapir Library.

•Thomas, Arthur Spraggins. (no date). Understanding political theories. Translated by Farshid Sharifi, Sulaimani: Read Cultural Publishing House.

•Jalal, Ibrahim. (2021). International Conspiracy and the Collapse of the September Revolution. Second edition, Sulaimani: Roon Printing House.

•Jalal, Ibrahim. (2021). South Kurdistan and the September Revolution: Construction and Demolition 1961-1975. Fourth edition, Sulaimani.
•Hassan, Zaid Osman. (2025). Mountain Diplomacy: Kurdish International Relations. Erbil: Advanced Research Center.
•Rahmani, Warya. (2024). the September Revolution; national unity and its cultural dimensions. Duhok: Khani Printing House.
•Rahmani, Warya. (2024). The September Revolution in Secret French Documents 1961-1976. Erbil: Roxana Printing House.
•Rashid, Salah. (2019). Mam Jalal: Meeting of Life (From Youth to the Republican Palace). Volume 1, Sulaimani: Writers Cultural Center/Andesha.
•Rashid, Salah. (2022). Abdulsalam Arif and the Kurdish Cause. Sulaimani: Hamdi Printing House.
•Rashid, Salah. (2022). Why did the Kurdish civil war break out? How did it grow? Finally!. Second edition, Sulaimani: Writers' Cultural Center.
•Zakaria, Sherzad. (2021). Abdul Karim Qasim's regime and developments in northern Iraq. Erbil: Historical Research Institute.
•Zakaria Mohammed, Sherzad. (2021). Revolutionary Leadership Council in Kurdistan – Iraq, A General Political Historical Study 1964-1970. Duhok.
•Spivak, Gaia Tree. (2022). Can the subordinate speak?. Translated by S.S. Haji, Erbil.
•Shariati, Ali. (2014). human. Translated by Mus'ab Adam Zalmi, 3rd edition, Sulaimani: Sara Publishing House.
•Qane, Mariwan Warya. (2014). Human beings and dignity. Sulaimani: Andisha Cultural and Arts Center.
•Cabbage, Saif Adnan. (2024). Digging in Memory: Aziz Mohammed. Translated by Luqman Bapir, Erbil: Peace Center.
•Kakemed, Karwan Sulaiman. (2018). Man and Life. Volume 1, 1st Edition, Erbil.
•Camus, Albert. (2016). rebellious man. Translated by Azad Barzanji, 2nd edition, Tehran: Andesha Cultural and Artistic Center.
•Canfield, Jack. (2012). The principles of success. Translated by Salih Saeed Mustafa, Erbil: General Directorate of Public Libraries.
•Korn, David. (1994). The last years of Mustafa Barzani. Translated by Abdullah Rasul, Erbil.

•Cochera, Cress. (2006). Kurdish Nation Uprising. Translated by Hamid Rashidi Zarza, Sulaimani: Tişk Office Printing House.
•Cochera, Cress. (2006). Kurds in the nineteenth and twentieth centuries. Translated by Hama Karim Arif, 3rd edition, Erbil: Ministry of Education Printing House.
•Gomatali, Burhan Hatam. (2024). The 1963 Erbil blackmail campaign in classified Iraqi government documents. Erbil: Salahaddin University Printing House.
•Gometali, Salar. (2024). Baghdad coups and their impact on the Kurdish issue. Erbil: Peshmerga Information Center.
•Gibson, Brian Robert. (2022). The Cold War and the Kurdish Movement: The Conflict of Powers in the Middle East. Translated by Dana Ali, Sulaimani: Strategic Research Center.
•Gibson, Brian Robert. (2022). Have the Kurds become stone throwers?!. Translated by Shafiqi Haji Khadr, Sulaimani: Jamal Irfan Cultural Institute.
•Maho, Luqman (collector). (2009). The Kurdish Cause in US Foreign Policy: Source Documentary Book (Part I). Translated by Abdulkarim Ozeri, Sulaimani: Zhin Center.
•Mohammed, Mullah Rasul. (2016). Memories and History of Kurdish Discussions. Sulaimani: Karo Printing House.
•Mohammed Rashid, Hawkar Mohammed. (2024). Armed struggle in South Kurdistan (1976-1988): PKK, Socialists and PASOK, for example. Erbil: Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Board Publications.
• McDowell, David. (2005). Contemporary Kurdish History. Translated by Farshid Sharifi and Abubakr Khoshnaw, Tehran-Sulaimani: Aras Publishing House and Ministry of Education Printing House.
• Maleness, Ali Tatar. (2022). Iraqi Government Policy in Kurdistan in the Shadow of Official Documents 1975-1991. Volume 1, Duhok: Jaziri Library.
• Nirgasajari, Hussein Osman and Jaf, Hussein Ahmad. (2002). Kurds and Kurdistan: A study on the cultural, social, political and geographical situation of Kurdistan. Erbil: Aras Publishing House.
• Wanli, Ismet Sharif. (2025). Kurdistan and the Kurdish problem. Translated by Dr. Najaty, Erbil: Kurdish Academy.
• Wanli, Ismet Sharif. (2025). Iraqi Kurdistan as a National Entity: A Study of the September Revolution 1961-1969. Translated by Halgord Shuker, Erbil: Rojhelat Printing House.

• Yasin, b. a. (2024). Kurds and Kissinger: A Troubled Beginning and a Tragic End. [online], available atwww.burhanyassin.com : .
Second: Arabic sources
• Badi, Mifan Arif. (2005). National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan 1958-1 Duhok: Dar Spirit Printing and Publishing House.
• Hassuna al-Sabahi. (2004). "Al-Bir Camo writes about Algeria", Saudi Middle East newspaper.
• Cruickshank, June. (1986). Albert Camus and the literature of education. Translation and commentary: Jalal al-Ashri, Cairo: Egyptian General Book Commission.
• Lubisk, Murfan. (1985). Albert Camus: Life, Literature and Philosophy from His Books. Translated by: Hussein Nadim, Dar al-Nahda al-Arabiya.
• Third: English Sources
• Yildiz, K. (2007). The Kurds in Iraq: Past, Present and Future. Revised edition. London: Pluto Press.